https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.256

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# تێڕوانینی میتافۆڕیی لە زمان و ئەدەب دا
# («دەربەندی پەپوولە»ی شێرکۆ بێکەس بە نموونە)

**م.بژوێن یەحیا محەمەد**

**بەشی زمانی کوردیی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان- هەرێمی کوردستان- عێراق**

bizhwen.yahya@garmian.edu.krd

**پوختە:**

توێژینەوەکە بریتییە لە توێژینەوەیەکی زمانی ئەدەبیی. هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و پرۆسێسی خستنەڕووی نیشانە شاراوەکانی فۆڕمێکی فەرهەنگیی، کە زیاتر بۆ نیشانەکردنی مەوداکانە و لە زمانەوانیی دا بە میتافۆڕ ناسراوە، بە وردیی باس لەوە کراوە، کە میتافۆڕە زمانییەکان مارکە لێ ئەیەن و جێگرەوەی فۆڕم داڕشتنی مۆرفۆلۆژیین. بەپێی تیۆری نیشانەی واتایی ئەم میتافۆڕانە بۆ نیشانەیەکی سەرەکیی دەرئەبڕرێن، هەر بۆیە ئەکرێت زمان وەک کەرەستەیەکی هاوبەشی زانستی زمان و ژانرەکانی ئەدەب دابنرێت، بەتایبەتیی توێژینەوەکە تیشکی خستووەتە سەر ئەو زمانەی، کە لە شیعردا بەکارئەهێنرێت، بەمجۆرە لە کردەی درووستبوون و شیکردنەوەی میتافۆڕدا هەردوو لایەنی واتایی (سیمانتیک)و (پراگماتیک) بەشدارن، ئەگەر وا نەبێت تێگەیشتن لە میتافۆڕ ئاسان نابێت. لە توێژینەوەکەدا چەندین فۆڕمی پلەدار خراونەتەڕوو، (شێرکۆ بێکەس) بە بەکارهێنانەوەی کۆمەڵێک فۆڕم و پێدانی نیشانەی واتایی تایبەت بە هەستی خۆیەوە، نیشانە/مارکەی لە پلەداریی فۆڕمەکان داوە. شاعیر هەوڵیداوە وشەکان زۆرترین جار بەکاربهێنێتەوە و هەرجارێک بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێی میتافۆڕیی، ئەمەش هەوڵی شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ئەخاتەڕوو.

**کلیلە وشەکان: میتافۆڕ، شیعرییەت، زمانی شیعریی، لادان، نیشانەی سیمانتیکیی.**

Recieved: 5/4/2023
Accepted: 8/5/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:


ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی زمانیـی ئەدەبییـە، بـە ڕێبـازی پەسنی/شـیکاریی بەجێهێـنراوە، بـە کەرەسـتەی زاری کرمانجـی ناوەڕاسـت تـەواوی توێژینەوەکـە نوسراوەتـەوە، هەروەهـا گرنگـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە، کـە هەوڵێکە بـۆ دیاریکـردن و پرۆسێسـی خسـتنەڕووی نیشـانە شـاراوەکانی فۆڕمێکـی فەرهەنگیـی، کـە زیاتـر بـۆ نیشـانەکردنی مەوداکانـە و لـە زمانەوانیـی دا بـە میتافـۆڕ نـاسراوە، بەهـۆی مـەودا فراوانیـی و گشـتێتیی لـە نواندنی واتـای فەرهەنگیی پۆلەڕەگەزەکانـدا، تیـۆری سـیمانتیکی پێکهێنـان بەکارهاتـووە، بـۆ خسـتنەڕووی تـەواوی سـێمای واتایـی ئـەو فۆڕمـە فەرهەنگییانـەی لـە توێژینەوەکـەدا خراونەتـە بـەر بـاس، هـەر بۆیـە ئاخێـوەری زمانێـک ئەتوانێـت نیشـانەی واتایـی فۆڕمێکـی تـر بـۆ نیشـانەکردن بەکاربهێنێتـەوە، لەبەرئـەوەی میتافـۆڕ پرۆسـەی بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـی فەرهەنگییـە و بەشـێکە لـە ناوخنـی واتایـی توخمـە فەرهەنگییـەکان بـۆ نوانـدنی واتایـی، بۆیـە ئەبێتـە جێگـرەوەی داڕشـتنی یاسـا مۆرفۆلۆژییـەکان، لەبەرئـەوەی میتافـۆڕ ناچێتـە ژێربـاری یاسـا تایبەتییـەکانی ڕێزمانـەوە، هەربۆیـە ئەکرێـت زمـان وەک کەرەسـتەیەکی هاوبەشـی زانسـتی زمـان و ژانـرەکانی ئـەدەب دابنرێـت، مەبەسـت ئەوەیـە زمـان هـەم لـە زمانەوانیی دا بـەو پێیـەی بابەتـی سـەرەکیی زانسـتەکەیە، هـەم لـە بـواری ئەدەبیشـدا وەک کەرەسـتەیەکی خـاو بەشـداره، هـەر بۆیە ئامـرازی شـیعر زمانـە و بەشـێکە لـە پێویسـتی ئـەو هێـزەی، کـە شـیعر بـە ژیانـەوە ئەبەسـتێتەوە، ئـاوەز و زەیـن ئەبـن بـە هاریکاریـی ئـەو ڕێگایـە. لـە درێـژەی توێژینەوەکـەدا بـە نموونـەوە ڕوونکراوەتـەوە، کەچیـی وامـان لـێ ئـەکات هەندێـک دەربڕیـن بـە خـوازە وەربگریـن و هەندێکـی تریـش بـە واتـای بنەڕەتیـی، چونکـە هەمـوو بەزاندنـی کۆتێکـی زمانیـی میتافـۆڕ بەرهـەم ناهێنێـت، بەڵکـو زۆرجـار ناوێزەیـی ئەهێنێتـە ئـاراوە. بۆیـە گوێگـر پێویسـتە نیشـانەی فۆڕمـە میتافۆڕییـەکان بدۆزێتـەوە، لەگـەڵ نیشـانەی هەمـان فـۆڕم لـە بـاری ئاسـایی(نامیتافۆڕ)ییدا. بەمجـۆرە لـە کـردەی درووسـتبوون و شـیکردنەوەی میتافـۆڕدا هـەردوو لایەنـی واتایـی (سـیمانتیک)و ( پراگماتیـک) بەشـدارن، ئەگـەر وا نەبێـت تێگەیشـتن لـە میتافـۆڕ ئاسـان نابێـت.

هـەر لـەم سـۆنگەیەوە هەوڵـدراوە بەکارهێنـانی میتافـۆڕ لـە شـیعردا شـیبکرێتەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـیعرەکانی دیـوانی (دەربەنـدی پەپوولـە)ی شـێرکۆ بێکـەس بـە نموونـە هێنراونەتـەوە، ڕەوتی کارکـردنی توێژینەوەکـە بەو ئاراسـتەیەدا بـراوە، جگـە لـەوەی شـاعیر بـە زمانێکـی بـاڵای شـیعریی میتافـۆڕی بەکارهێنـاوە و دواتـر هەوڵـدراوە ئـەوە بزانرێـت، کـە شـاعیر فۆڕمێکـی فەرهەنگیـی، بـۆ چەنـد واتـای جیـاوازی میتافۆڕیـی بەکارهێناوەتـەوە، ئەمـەش بـە پشـت بەسـتن بـەوەی، کـە سـەرەتا شـیکردنەوە بـۆ نیشـانە واتاییـە فەرهەنگییـەکانی وشـەکە کـراوە، دواتـر تیشـک خراوەتـە سـەر سـەرجەم نیشـانە واتاییـە میتافۆڕییـەکانی فۆڕمەکـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش تیـۆری شـیکردنەوەی سـیما واتاییـەکان بەکارهێـنراوە.

### ١/ زمان، کەرەستەی هاوبەشی نێوان زانستی زمان و ئەدەب:

کاتێـک زمانناسی پێناسـەی زمـان ئـەکات، لەسـەر بنەمـای دیاریکـردنی کارە سـەرەکییەکانی زمـان ئـەوە ئـەکات، ئـەو کاتـەش لەگـەڵ سروشـتی دووانەیـی زمانـدا بەریـەک ئەکـەون، جەوهـەری ئـەم دووانەییـەش لـەو ڕاسـتییەدایە، کـە لـە لایەکـەوە زمـان، جەسـتەی پیکهێنـانی بیـرەو ئامـرازی بیرکردنەوەیـە، واتـە ئەرکێکـی تێگەشـتنی هەیـە، لـە لایەکـی تریشـەوە زمـان ئامـرازی گەیاندنـە و گواسـتنەوەی ناوەڕۆکـی ئاگاییـە، واتـە ئەرکێکـی گەیاندنیـی هەیـە . (Сухих, ٢٠٠١: ٢٤) بۆشـیکردنەوە و لێکدانـەوەی شـێواز و پێکهاتـەکانی شـێوازگەریی، پێویسـتە بـاس لـە زمـان بکرێـت، بـە

تایبەتیی توێژینەوەكە تیشكی خستووەتە سەر ئەو زمانەی، كە لە شیعردا بەكارئەبرێت، هەر لەم روانگەیەوە شێوازگەرا رووسەكان بەیەكەم كەس دائەنرێن، كە هەوڵیانداوە ئەدەب بخەنە پاڵ زانستی زمان و گرنگترین كاریان پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب بوو، چونكە پێیان وابوو ئەدەب سیستمێكی پاشكۆییە و ئەگەر نەخرێتە پاڵ سیستمی زمانەوە، ئەوا ناتوانێت بەتەنها كارەكانی جێبەجێ بكات، چونكە زمان ئەو كەرەستە هاوبەشەی نێوان دوو بازنەی یەكتربڕە، بڕوانە هێڵكاریی (١):




(زمان، كەرەستەی هاوبەشی نێوان زمانەوانی و ئەدەب)(پەخشان عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٤٥).

هێڵكاریی (١)

## زمانی شیعریی:

ئەو زمانەی كە هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بۆ لەیەكترگەیشتن و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا بەكارهاتووە، زمانی ئاسایی پێی ئەوترێت، كە لە ژیانی رۆژانەدا تەنها بۆ گەیاندنی بیره و وەكو كۆد كاردەكات، هەروەها لەنێوان بیر و زماندا پەیوەندییەكی راستەوانە هەیە، هەموو ئاخێوەرێك بەرانبەر بنیاتە زمانییەكەی خۆی بیرئەكاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمان ئەگۆڕێت بۆ رەمز(مەریوان حمەكریم احمد،٢٠٢٢:٤٨). رۆمان جاكۆبسن (R. Jacobson) ئەڵێت: ((شیعر زمانە لە ئەركی جوانییناسیی دا.)) (**Левинтон**, ٢٠١٧: ٦٥ ), واتە زمانی شیعریی جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونكە سرووشتێكی تایبەتیی وەرئەگرێت و بە بەزاندنی یاسا سیمانتیكییەكان، لە رێگا باوەكانی دەربڕینی زمان دوورئەكەوێتەوە، هەروەها زمان باشترین كەرەستەی دەربڕینە بە لای مرۆڤەوە، بە تایبەتیی لای شاعیران و رۆشنبیران، شیعریش لەبەر ئەوەی زیاتر بۆ هەست و سۆزی ناخی پەیام وەرگرەكەی دائەڕێژرێت و ئەنووسرێت، زیاتر لە رێی جۆرە زمانێكی هەستدەربڕی واتادارەوە كاریگەریی خۆی ئەنوێنێت، هەربۆیە زمان لە روانگەی ئەدەبییەوە وەك كەرەستەی رازاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لێی ئەڕوانرێت، بەڵام لە روانگەی زمانەوانییەوە، زمان هۆكاری لەیەكترگەیشتنی تاكەكانی كۆمەڵگەیە(عادل گەرمیانیی، ٢٠١٣:١). هەربۆیە پەیوەندیی شیعر بە وشەوە پێویستە و لایەنی هاوبەشی نێوان زمان و هونەر نیشان ئەدات(مەریوان حمەكریم احمد،٢٠٢٢: ٤٩)، ئەمەش ئەمانگەیەنێت بەوەی، كە شاعیر زمان بە شێوەیەكی تایبەتیی بەكارئەهێنێت تا بتوانێت واتایەكی نوێ و جیا لەواتا ئاساییەكەی بگەیەنێت بە خوێنەر، نهێنی و

خاسیەتی زمانی شیعریی لەوەدایە، کە جیهانێکی وا بخوڵقێنێت زمانی ئاسایی نەتوانێت پێی بگات، چونکە جیهانی شیعر بێ سنوورە، هەربۆیە سنووردارێی کەرستە زمانییەکان نابنە رێگر لە بەردەم خوڵقاندنی زمانی شیعریی، کەواتە شاعیر مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ زماندا ئەکات، بە بەکارهێنانی واتای ناپێکهاتەیی و بەزاندنی یاسا سیمانتیکییەکان و بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژیی(پەخشان عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٧٩).

کەواتە زمان تەوەرێکی سەرەکییە لە بنیاتی شیعردا، رەگەزێکی سەرەکی روخساری شیعریی پێک ئەهێنێت، کە زمان لە شیعردا رووبەکی تایبەت وەرئەگرێت، لە شێوازی گشتییەوە بۆ شێوازێکی تایبەتیی، ئەمەش لە رێگەی بینین و بەهرەیەکی تایبەتیی شاعیرەوە بۆ بنیاتنانی باشترین بەرهەمی ئەدەبیی، ئەوەش ئەو راستییە ئەسەلمێنێت، کە شاعیر لە میانەی زمانی شیعرییەوە دەنگی تایبەت بە خۆی پەیدا ئەکات، ئەزمونی شیعرییش هەر لەو رێگەیەوە نەشونما ئەکات، زمانی شیعریی لەنێوان رەگەزەکانی بنیاتی شیعردا لەگەڵ (ئاواز، وێنە، بابەت)دا، جۆرە سیمایەکی تایبەت بە دەق ئەبەخشێ و شیعرییەت پێک ئەهێنێت. چونکە جۆرە لادانێک لە زمانی ئاساییدا دروست ئەکات و پەیوەستبوونی خۆی لە رێگەی وێنەوە ئەرەخسێنێت. بە تێکەڵبوون و هەماهەنگی لەنێوان بنیاتی ناوەوە و دەرەوەی دەق ئەرکی شیعرییەت بەرجەستە ئەبێت( ئازاد عبالواحید کریم، مهدی فاتح عمر، ٢٠٠٨: ١١). ئەمەش بە تەواویی ئەوە روون ئەکاتەوە، کە زمان لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە شێوازی ئەدەبییدا، چونکە زمان و مۆسیقا و وێنەی هونەریی، سێ بناغەی بنەڕەتیی شێوازی ئەدەبیین، هەربۆیە زمانی شیعریی بووەتە کەرەستەیەکی لەبار بۆ توێژینەوەی واتایی لە نێوان هەردوو بواری زمانەوانیی و ئەدەبیات دا، چونکە زمانی شیعریی ئەچێتە خانەی زمانی باڵاوە (میتازمان)، کە جیاوازە لەگەڵ زمانی رۆژانەی خەڵکدا.

لێرەدا ئەتوانین ئەوە بڵێین، گرنگترین لایەنی ئەدەبیی، کە شاعیران کاری لەسەر ئەکەن، چێژ بە خوێنەر ئەبەخشن، جگە لەوە گەشەی ئاوەزیی تاک زۆرجار کۆمەڵیش بەهۆی بەهێزی درککردن و بەهێزی ئاوەزمەندیی شاعیرە، ئەمەش بێگومان لە رێگەی زمانەوە ئەکرێت، چونکە زمان ئەتوانێت رایەڵەیەک دروست بکات لەنێوان دەق و هەستەکانی خوێنەردا، سەرکەوتنی دەقیش پەیوەستە بە شێوازی مامەڵەکردنی زمانی نووسینی دەقەکە، زمانی شیعریی یەکێکە لەو کەرەستە داهێنانکاریی و ئیستاتیکییانەی، کە وا ئەکات شیعر لە قسەی ئاسایی جیاوازبێت، هەربۆیە زمانی شیعریی بە سیستمی زمانیی تایبەت لەناو سیستمی زمانیی باودا دائەنرێت، ئەمەش خاڵی بەرجەستە و گرنگی زمانی شیعرییە، کە کاریگەریی لەسەر نامۆکردنی زمانی ئاسایی و بە بەهاو مانادارێی زمانی شیعریی دەرئەخات، کە لە ئەنجامی لادانی واتاییدا یەتە کایەوە(سروه طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٥). کەواتە هەرچەندە باری زمان گرانتر بێت لە نوسینی دەقی شیعرییدا، لە رووی بەکارهێنانی لێڵیی و تەمومژیی و دەستەواژەی ئیدیۆمیی و خوازەیی و لادان لە واتای بنەڕەتی وشەکان، ئەوا باری تێگەیشتن لە چێژی شیعرەکە لای خوێنەر گرانتر ئەکات.

بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی رۆژانە، زمانی شیعریی دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە و، کات، شوێن، رێزمان، یاساکانی واتاسازیی، رێنووس، دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو شاعیر بۆی هەیە فەرهەنگی هەموو زمانەکان بە سەرچاوەی فەرهەنگیی خۆی دابنێت و ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، لە بەکارهێنانی وشەکانی زمان لە رووی واتایی و بەزاندنی یاساکانی زمانەوە، نووسەرانی بوارەکانی تری ئەدەب رەنگە نەتوانن بەو ئازادییە رەهایە وشەکانی زمان بەکاربهێنن، هەربۆیە شیعر لە لوتکەی بابەتە ئەدەبییەکان دائەنرێت؛ لە رووی

ئاڵۆزییـەوە، زمـانی شـیعر بەرزتریـن و وردتریـن و رەسـەنترین بەکارهێنـانی زمانە(محەمـەد مەعـروف فەتـاح، ٢٠١٠: ٤٠٤)، چونکـە ئێمـە لـە نێـو تۆڕێکـی تێکتەنـراوی (وشـە و رسـتە)دا بیرئەکەینـەوە، لـە کاتی ئاخاوتنـی ئاسـاییدا بەشـی ،،خـود ئاگایـی زمانیـی،، هەمیشـە کەرەسـتەی ئامادەکـراوی لـە بەردەسـتدایە، کـە زیاتـر بـۆ ئاسـتی پەیوەندیـی رۆژانـە بەکارئەهێنرێـن و هێنـدە بەکارهاتـوون بـە بـێ بیرکردنـەوە بەکاریـان ئەهێنین(مەسـعود بابـای، ٢٠٢٠:١٦)، چونکـە لـە شـیعردا مەدلولـی وشـە بـە ئەنـدازەی مەدلولـی فەرهەنگیـی پێویسـت نییـە، لـە شـیعردا دەلالـەت بەخشـینی وشـە لەسـەر ئاوێتەبـوون و ریزبەسـتن و میانـە (السـیاق_ Context)ەوە بەنـدە، چونکـە زمـانی شـیعریی تەنهـا وشـە نییـە، بەڵکـو بەشـێکە لـەو زمانـە و، یـەک وشـە بـە چالاکیـی جفـرە ئەنوێنێـت, پێویسـتە هێـما و رەمـز جێگـەی بگرێتـەوە، بۆیـە هییـچ کاتێکـی دیاریکـراوی نییـە، جگـە لـە کاتـی تایبەتیـی نەبێـت. زمـانی شـیعریی تـازە بـە هەمـوو رووداوەکان و مێژووەکانـدا تێپەڕیـوە، (ئـازاد ئەحمـەد مەحمـود، ٢٠٠٩:١٦٥). بـەڵام لەبەرئـەوەی شـیعر لـە نـاو زمانـدا رووئـەدات و یاسـای رێزمانیـی تێـک ئەشـکێنێت، هەربۆیـە تێکشـکاندنی رێزمـان تەنهـا گەمەیەکـی رووت نییـە، بەڵکـو تێکشـکاندنی لۆژیکـی سێگۆشـەییە، کـە لـە (کات، شـوێن، رووداو) پێکهاتـووە، چونکـە زمـان بـە دەرچـوون لـە لۆژیکـی ژیـانی رۆژانـە، ئەخزێتـە نێـو جیهـانی شـیعرەوە، بـەم هۆیـەوە رەوانبێژیـی دێتـە کایـەوە، هەربۆیـە (خـوازە، خواسـتن، لێکچوانـدن...) بەرئەنجامـی خۆڕاهێنـانی زمانـن لـە نێـو لۆژیکـدا، چونکـە راگواسـتنی واتـا لـە کـۆت و بەندێکـەوە بـۆ کـۆت و بەندێکـی تـر، واتـا سرکـتر ئـەکات.-

دواجـار، ،،زمـان،، رێکخـەری سـەرەکیی تێکـڕای پرۆسـەکەیە، چونکـە ئاسـت لەهەمـوو ژانەرێکـدا هەیـە، پلەبەندیـی ئاسـتەکانیش ئەکرێـت لەنێـو ژانەرەکانـدا هەبێـت، کۆمەڵێـک نووسـەر کـە لـە ژانەرێکـی دیاریکـراودا کارئەکـەن، ئەکرێـت هاوئاسـتبن، بـەڵام هاوشـێوە نیـن، چونکـە پێکهاتـەی زەینیـی و زمانییـان لـە یەکـتر ناچێـت، ئەمەیـە ئەبێتـە هـۆکاری هاتنەکایـەی جیهـانی ئەدەبیـی جۆراوجـۆر، کـە زمـان ئەتوانێـت بـە شـێوەیەکی بـێ سـنوور شـێوازی دەربڕینـی هەمەجـۆر بێنێتـە کایەوە. بۆیـە لـەو وتەیـە نزیـک ئەبینـەوە کـە ئەڵێـت: (( هیـچ شـتێک نەماوەتـەوە بـۆ وتـن، تەنهـا شـێوەی وتـن هەیـە)) (مەسـعود بابـای، ٢٠٢٠: ١٦)، هەربۆیـە زمـانی شـیعریی لـە شـیعری کلاسـیکیی و هاوچەرخـدا جیاوازیـی هەیـە، چونکـە لـە شـیعری کلاسـیکیی دا لایەنـی رەوانبێژیـی رەچـاو ئەکرێـت، بۆیـە شـاعیرانی کلاسـیک تووشـی هەندێـک گیروگرفتـی زمانیـی ئەبـن، لـە هەڵبـژاردنی وشـەی یـەک سـەروادا، بـەڵام لـە شـیعری نـوێ و هاوچـەرخ بـە نوێکردنـەوەی رەوتی شـیعریی دائەنرێـت، هەروەهـا لەدایکبـوونی پەخشانەشـیعر بـە هەنگاوێکـی تازەتـری نوێکردنـەوەی شـیعریی دائەنرێـت، بۆیـە زمانـی شـیعریی لێـرەدا ئەرکـی قورسـی رەوانبێژیـی لەسـەر نەمـاوە، هەربۆیـە ئەوەمـان بـۆ روون ئەبێتـەوە، کـە لادانی واتایـی، یەکێکـە لـە خاسـیەتە بەرچـاوەکانی شـیعری هاوچەرخـی کوردیـی، چونکـە بەگەڕخسـتنەوەی واتایـی و بەکارهێنانـەوەی یاسـاکانی دیـوی نـاوەوەی زمانـە، پەیوەندییەکـی بەهێزیـان بـە گۆڕینـی مەبەسـت و واتـاو تێگەیشـتنەوە هەیـە، داهێنـان لـە بـوارەکانی زمـانی شـیعریی دا، هەمیشـە فاکتەرێکـی گرنگـی نوێبوونـەوەی شـیعری کوردیـی بـووە(سروە طاهـر علـی، ٢٠٢٠: ١٢٥).

بەپێـی ئـەو باسـەی سـەرەوە بـە ئاسـانی ئـەوە روون ئەبێتـەوە، کـە زمـان رێگـەی ئـەوە ئـەدات تـاک هەسـت و سـۆز و هەڵچـوونی خـۆی لـە قاڵبێکـدا دابڕێژێـت، زمانێکـی تایبـەت بەخـۆی درووسـت بـکات، کـە یاسـاو رێسـاکانی زمـان تێپەڕێنێت، کـە باشـتر وایـە بـە داهێنـان نـاوی ببەیـن، کـە داهێنـان بەرهەمـی ئـارەزووی مرۆڤـە بـۆ دەرخسـتنی خـود، هەربۆیـە ئەگـەر شـاعیر بـە داهێنـەر ناوببەیـن، ئەبێـت جیهانێکـی تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت، کـە لـە رێگەیەوە بناسرێتـەوە و سەربەسـتییەکی وای هەبێـت هەتـا بتوانێـت کارە هونەرییەکـەی درووسـت بـکات، چونکـە زمـانی ئاسـایی

ناتوانێ هەمـوو جـۆرە دەربڕینێکـی نـاوەوە دەربخـات، ئـەوەش لـە ڕێگـەی دەربڕینـی کـەم بەکارهاتـوو و نامـۆوە ئەکرێـت، کەواتـە زمـانی شـیعریی زمانێکـی درووسـتکراوە و داهێنانە(عەبدولواحیـد مشـیر دزەیـی، ٢٠٠٩: ١٣٧). بـۆ ئـەوەی لـە ڕەسـەنایەتییەوە بگەینـە داهێنـان لـە زمـانی شـیعریی دا، ئەبێـت زۆر بـە وردیـی هەڵـەی ڕێزمانیـی و واتایـی لـە لادان و بەزانـدنی یاسـا زمانەوانییـەکان جیابکەینـەوە، بۆیـە ئەکرێـت بزانیـن «»لادان»» و»»بەزانـدن»» بـۆ مەبەسـتێکی ئەدەبیـی ئەبێـت، چونکـە شـاعیر چـاک ئـاگادارە بۆچیـی ئەیـکات، هەرچـی هەڵـەی ڕێزمانیـی و واتایـی ئاسـاییە، شـاعیر لێـی بەئـاگا نییـە و بـە مەبەسـت نەیکـردووە و هییـچ گرنگییـەک نـادات بـە شـیعرەکە، کەواتـە هێڵێکـی زۆر باریـک «»هەڵـەی زمانیـی»» لـە «»داهێنـان»» جیائەکاتـەوە( محەمـەد مەعـروف فەتـاح، ٢٠١٠: ٤٠٤)، چونکـە داهێنـان تایبەتمەندییەکـی زمانـە و لـە زمـانی شـیعریی دا زیاتـر بەرجەسـتە ئەبێـت، کـە داهێنانێکـی پێکهاتەیـی دەروونـی تاکـە کەسـییە و هەسـت و سـۆزی تێـدا ڕەنـگ ئەداتـەوە، شـاعیر بـۆ مەبەسـتی دەربڕیـن و بارگاوییکـردنی واتـا، گەورەتریـن توانسـت بەکارئەهێنێـت، لـە ڕێـگای زمانـەوە نیـگا (ئیحـاء) لـە واتـا و دەلالـەت ئەکات(ئـازاد ئەحمەد مەحمـود، ٢٠٠٩: ١٦٨).

زمـان بنەمایەکـی زینـدووی شـیعرە، چونکـە ئـەوەی کارگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر هەسـتەکانی مـرۆڤ ئەبێـت زمـانی بەکاربـراوی دەقەکەیـە، هەربۆیـە کاتێـک زمانـی شـیعریی تێکەڵـی خەیاڵـی پـڕ لـە ئەندێشـەی بیـر و خەونـەکان ئەبێتـەوە، ئـەوا ئـەو دنیابینییـە جوانەمـان ئەیاتـێ، کـە لـە ڕێـگای هەسـتەوە پێـمان ئـەگات و دەقـە شـیعرییەکە ئەکاتـە خۆراکێکـی ڕۆحیـی بـۆ ژیان(جەمـال نـوری، ٢٠١٩: ١). توێژینەوەکـە (شـێرکۆبێکەس) ئـەکات بـە نموونـەی بەکاربـردنی زمـانی بـاڵای شـیعریی و داهێنـان لـە دەقـی شـیعریی دا، چونکـە ، توانایەکـی سەرسـوڕهێنەری لەگـەڵ وشـە و زمانـدا هەیـە، لـە بەکارهێنـانی سـتایلی جۆراوجـۆر و جیاوازیـی وەکـو (پۆسـتەرە شـیعر و شـعری شـانۆیی و چیرۆکـە شـیعر و پەخشـانە شـیعر و....)، شـێرکۆ شـیعر ئـەکات بـە مـاڵ و زمـانی شـیعرییش ئـەکات بـە زمـانی خـۆی(سروە طاهـر علـی، ٢٠٢٠: ١٢٥)، هەروەهـا تەمـەنی شیعریی شێرکۆ بێکـەس گەلێـک درێـژە، لـەو مـاوە درێـژەدا گـۆڕانی گرنگـی بەسـەردا هاتـووە، گەمـە لەگـەڵ وشـەدا کـردن، یاخییبـوون لـە لۆژیکـی زمـان، پسـاندنی پەیوەندیـی نێـوان هـۆکار و ئەنجـام، کۆکردنـەوەی دژەکان، داهێنـانی ڕسـتەی نائاسـایی و دەربڕینـی نامـۆ، هەمـوو ئەوانـە لـە شـیعرەکانیدا هەسـتیان پـێ ئەکرێـت( حەمەسـەعید حەسـەن، ٢٠١١: ٤). شـاعیر سـەرەڕای بانگەشـەکردن بـۆ دییلکـرنی زمـان لـە لۆژیکـی ئاوەزگەرییەکـی پەتیـی دا، ناتوانێـت بـە تـەواوی پێـش بـە تەنینـەوەی مانـا بگرێـت (مەسـعود بابایـی، ٢٠٢٠:١٦) ، چونکـە شـیعر بـە پلـەی یەکـەم زمانـە، هـەر بەهـۆی زمانەکەیشـیەوە چێـژ لـە جوانییـەکانی تریشـی وەرئەگیرێـت، بەرهەمهێنـانی زمانـی شـیعریی یەکـەم ئەرکـی شـاعیرە، شـاعیر ئەتوانێـت لـەو زمانـەی هەمـووان پێیـی ئەدوێـن، زمانێکـی شـیعریی وا بخوڵێنێـت، کـە ئەفسـونی لـێ ئەتکێـت و لـە ناخـەوە ئەمـان هەژێنێـت، زمانـی شـیعریی لـە زمانـی گیاندارێـک ئەچێـت لـە مـرۆڤ باڵاتـر، زمانێکـە ئەڵێیـت لـە ئاسـمانەوە دێـت و زمـانی فریشـتەیە، بۆیـە ئەتوانیـن بڵێیـن شـیعر جەوهـەر و توانـاکانی لـە زمـان وەرئەگرێـت و بۆیـەش زمـان لـە شـیعردا شـیعرییەتە، هەروەهـا زمـانی شـیعریی نوانـدنی بنیاتێکـی ئەرکییـە و تێگەیشـتنی ڕەگـەزەکانی لەنـاو سیسـتمەکەدایە. (عەبدولقـادر حەمـە ئەمیـن، ٢٠١٤: ١٠).

## ٢-١) لادانی شیعریی:

لادان چەمكێكی فرە رەهەندە، بەو مانایەی لە سنوور و بوارەكانی تری ژیان، بە واتا و مەبەستی تایبەت و دیاریكراو بەكارهێنراوە، لێرەدا چەمكی لادان لە بواری ئەدەبدا بە گشتیی و لە شیعردا بە تایبەتیی، مەبەستی سەرەكیی توێژینەوەكەیە، كە هەڵگری هەندێک سیما و تایبەتمەندییە و جیایە لە بوارەكانی تر، چونكە لادان لێرەدا پەیوەندیی بە زمان و پێكهاتەكانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە، هەروەها كاتێک نووسەر چەمكی لادان لەچوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیی دا بەرجەستە ئەكات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر جۆر و چۆنێتی لادانەكانی ئەو نووسەرە ئەدات؛ بۆیە دیاریكردنی چەمكەكەی بە گشتیی و لە بواری ئەدەبیش بە تایبەتیی، كارێكی تا رادەیەک دژوار و قورسە؛ چونكە زمانی ئەدەب-شیعر بە تایبەتیی- زمانێكی چڕ و سرووش بەخشە لەچاو ئاخاوتنی ئاسایی رۆژانە، لادانیش لەم زمانەدا، ئەدگارێكی سەرەكییە بۆ دەقی شیعریی, هەر لەم سۆنگەیەوە هیچ شیعرێک نییە خاڵیی بێت لە لادان، بۆیە هەموو ئەو ئەدگار و پێكهاتانەی شیعر لە دەربڕینێكی ئاسایی و جۆرەكانی تری ئەدەب جیائەكاتەوە(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩).

كەواتە لادان تایبەتمەندییەكی زمانی شیعرییە، كە هەستی مرۆڤ ئەوروژێنێت، چونكە لادان لە واتای بنەڕەتیی وشە، بریتی ئەبێت لە باری نائاسایی بەكارهێنانی واتا، چونكە ئەو جیهانە تایبەتییەی شیعر هەیەتی لەسەر بناغەی لادانی واتایی درووست ئەبێت، بۆیە زمانی شیعریی كێڵگەیەكی بەپیتی ئەم جۆرە لادانەیە(عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٦)، چونكە زۆربەی ئەو كاریگەریی و چێژ و ئیستاتیكایەی شاعیریش بەرجەستەیان ئەكات بۆ شیعرەكەی و بە دوایاندا ئەگەڕێت بە رێگەی لادان و دەرچوون لە یاسا و دەستورە باوەكان بەدی دێت، بۆیە شیعر سیستمێكە لە لادان، بەڵام مەرج نیە هەموو لادان و دەرچوونێک لە یاسا و كۆت و بەندە باوەكان، لادانێكی هونەریی بەرهەم بهێنێت، چونكە لادانی هونەریی ئەوەیە، كە خوێنەر واتای نوێی تێدا بەدی بكات. خالیزێف (Khalizev) دوو زاراوەی ( نیشانە = دال ) و ( واتا = مەدلول) لەبەرامبەر هەردوو وشەی(وێنە/ ناو) و (وێناكراو/ ناولێنراو)دا بەكارئەهێنێت و ئەوە دیاری ئەكات, كە یەكەم هۆكاری دروستبوونی دووهەمە( Хализев, ٢٠٠٤: ١٠٢). لەبەرئەوەی زمان كەرەستەی نووسینی دەقە، هەر بۆیە هەموو جۆرەكانی لادان لە رێگەی زمانەوە ئەكرێت، بەڵام تیشكی توێژینەوەكە لەسەر لادانی واتاییە، چونكە هەموو ئەو لادانانە لەخۆ ئەگرێت، كە لەسەر بنەمای پچڕاندنی پەیوەندیی لەنێوان (ناوو ناولێنراو)دا درووست ئەبن، هەربۆیە زۆرجار لادانی واتایی گیروگرفتی تێگەیشتن ئەهێنێتە ئاراوە، پێویست بە وردبوونەوە و قوڵبوونەوەی زۆر ورد ئەكات بۆ كردنەوەی گرێ واتاییەكانی شیعرەكە(سروه طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٩)، هەربۆیە یەكێک لەتایبەتمەندیی و خەسڵەتەكانی شیعری نوێی كوردیی مامەڵەكردن بووە لەگەڵ ئەو لادانە فەرهەنگییانەی، كە خەڵكیی لە زمانی رۆژانەیاندا بەكاریان هێناون(حمە نوری عمر كاكی، شەیدا رەشید، ٢٠١٩: ٢٢٩).

شاعیران داهێنەری یاساكانی زمان نین، تەنانەت پێش لەدایكبوونی ئەوانیش یاساكانی زمان هەر هەبوون، بۆیە شاعیرانیش وەک هەر ئاخێوەرێكی زمان لە رێگەی پرۆسەی زمانپژانەوە زمانی وەرگرتووە و، توانست و توانای زمانییان لەگەڵ ئاخێوەری زمانەكەی خۆیاندا وەكو یەكن، بەڵام ئەتوانرێت بوترێت، كە شاعیران زمان بۆ دەربڕینی هەستە شیعرییەكانیان بەكارئەهێننەوە و پێڕەوی ئەو یاسا و رێسایانەش ئەكەن، كە رێزمان و سینتاكسی زمانەكەی قبوڵیەتی. واتە ئەوانیش زانیارییە سینتاكسییەكان جێبەجێ ئەكەن، كە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەكاندا هەن، ئەگەر لادان لە سینتاكس و واتای زمانە شیعرییەكەیشدا بكات، ئەوا لەسەر بنەمای

سینتاکسـی درووسـت و واتایـی جێبەجێـی ئـەکات؛ واتـە کاتێـک ئەزانرێـت شـاعیر لادانی لـە سـینتاکس و واتـادا کـردووە، کـە ڕێگـەی ڕاسـتیی بەکارهێنانەکـە بزانرێـت. ئەگەرچیـی شـاعیر چەنـد لادانی زمانیـی بەجـێ بهێنێـت، هێنـدە لـە شـیعرییەت نزیـک ئەبێتەوە(عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـرووف، ٢٠٢٠ : ١٠١).

## ٢/ تێڕوانینی میتافۆڕیی:

لـە ڕاسـتییدا، زمـانی شـیعریی بـۆ بنیـاتی قەسـیدە، بـە بـێ میتافـۆڕ بارسـتەیەکی سـڕبووە و لـە سـووڕی گەشـەگردن ئەوەسـتێت، بۆیـە وێنـەی شـیعری خوازەکیـی، بەشـێکە لـە پێویسـتیی ئـەو هێـزەی کـە شـیعر بـە ژیـان ئەبەسـتێتەوە، کەواتـە خـوازە، ڕێگەیەکـی مـەزن و گرنگـە، ئـاوەز و زەیـن ئەبـن بـە هاریـکاری ئـەو ڕێگایـە، شـاعیر ئەتوانێـت لـە شـیعردا ئـەو بابەتـە جیاوازانـە کۆبکاتـەوە، کـە پێشـتر هییـچ پەیوەندییەکیـان بەیەکـەوە نەبـووە، پرۆسەیەکیشـە بـۆ مەبەسـتی کارتێکـردن لـە هەڵوێسـت و هانـدان و دەرئەنجامـی کارتێکـردنی گشـت بابەتـەکان و پەیوەندیـی نێوانیـان، کـە زەیـن درووسـتی ئـەکات، جێبەجـێ ئەکرێـن (ئـازاد ئەحمـەد مەحمـود، ٢٠٠٩: ٢٠).

دەقـی هونەریـی، هونـەری داڕشـتنی زمانـە بـە جۆرەهـا شـێوە، بـۆ مەبەسـتی جوانکاریـی دەق و ئاڵۆزبـوونی واتاکـەی بەکاردێـت. یەکێـک لـە هونـەرەکان بەکارهێنـانی وشـەیە بـە واتـای جیـاواز، جگـە لـە واتـا بنەڕەتییەکـەی خـۆی، بـەڵام پەیوەندییـەک لـە نێوانیانـدا هەیـە، ئەمـە بـە میتافـۆڕ نـاسراوە، کـە دیاردەیەکـی بـڵاوە و لـە زۆربـەی شـێوە گەیاندنـەکانی زمانییـدا ئەبینرێـت وەک، ئاخاوتنـی ڕۆژانـە، گوتـاری ڕۆژنامـە، ڕۆمـان، شـیعر،...، هـەر لـەم بـارەوە تسـۆر ئەڵێـت: ((میتافـۆڕ شـاجوانی وێنـە ڕەوانبێژییەکانە))(نەزیـرە سـابیر مسـتەفا، ٢٠٢١: ٢٦)، هـەر بۆیـە خواسـتن، هونەرێکـی گرنگـی ڕوونبێژییـە و بەشـێکە لـە خوازە(سـافیە محەمـەد ئەحمـەد، ٢٠١٣: ١٧٦). تاکـە جیاوازیـی نێـوان خـوازە و خواسـتن، جۆربەجـۆری پەیوەندیـی نێـوان واتـای یەکـەم و واتـای دووەمـی وشـە و دەربڕینەکانـە، جگـە لـەم جیاوازییـە هـەردوو بابەتەکـە لـە بنەڕەتـدا یەکـن و هییـچ شـتێک لـە یەکـتر پچڕپچڕیـان نـاکات، بـەڵام واتـای میتافۆڕیی، زۆر لـە واتـا فەرهەنگییەکـەی دوور ناکەوێتـەوە، تەنهـا بـە هـۆی دەرخسـتنی هەندێـک لـە سێمای واتایـی و یارییکـردن بـەو سێمایانەوە، واتـای میتافۆڕیـی یەتەکایـەوە، بەمـەش زۆر لـە واتـا بنەڕەتییەکـەی دوورناکەوێتـەوە، چونکـە لـە خواسـتن (میتافـۆر)دا، دەربـڕاوەکان دوو واتـا ئەگەیەنـن، واتایـەک، کـە ڕووکـەش و بەرچـاوە بـۆ خوێنـەر، واتـای دووەمیـش (وەرچەرخانـە) واتـای ئەدەبییـە و بـۆ مانایەکـی بێکۆتاییـە و واتایەکـی نـوێ و جیـاواز و جوانـە و خـاوەنی بەهایەکـی ئێسـتاتیکییە(**Бертельс**، ١٩٣٥: ٢٩٥).

بڕوانە نموونەی (١):

## لووت بەرز.

لـە نموونـەی (١)دا، ئـەوە دەرکەوتـووە، کـە لـە ڕووی پێکهاتـەوە لـە پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژیـی لای نـەداوە، بـەڵام ئـەوەی واتـا ناپێکهاتەییەکـەی درووسـت کـردووە، کـۆت و بەنـدە واتاییەکـەی فۆڕمەکەیـە، چونکـە دانـە پێکهێنـەرەکانی فۆڕمەکـە لـە ڕووی واتاییـەوە نیشـانە واتاییەکانیـان یـەک ناگرنـەوە، چونکـە کـۆت و بەنـدە واتاییەکـەی ئـەو وشـەیە بۆ کەسێکە، کـە خـۆی بـە بەرزتـر بزانێـت لەئاسـتی کەسـەکانی دەوروبـەری، ئەمـەش دوورە لـەو واتایـەوە، کـە کەسـەکە بـە شـێوەیەکی فیزیکیـی (لـوت) کـە ئەندامـی جەسـتەیەتی بـەرز بێـت، چونکـە مەبەسـتی وشـەکە بـە پێـی واتـای پێکهاتەیـی وشـەکان واتـا ناگەیەنێـت، بـەڵام واتـا بنەڕەتییەکەشـیان ون نەکـردووە و زۆر لێـی دوورنەکەوتوونەتـەوە،

بۆیە واتایەکی میتافۆڕیی ئەگەیەنن بەیەکەوە.

کەواتە وشەیەکە بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتایەکی تر، کە بەپێی جۆرەکەی واتاکە ئەبەخشێ، سەرەڕای بوونی نیشانەیەک، کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی وشەکە واتا بنچینەیەکەی بگەیەنێت(السكاكي، ١٩٨٧: ٣٥٩). میتافۆڕ بەپێی لێکدانەوەی وەرگر واتایەکی لەسەر بار ئەکرێت، کە مەرج نییە ئەو واتایە لای هەمووان دیاریکراو بێت. میتافۆڕ بە ئارەزووی قسەکەر فۆڕم وەرئەگرێت و واتاکەشی تاکەکەسییە، واتە خودییە و میتافۆڕ وەک ئەوەیە کە تۆ سەیری ئەکەیت، نەک وەک ئەوەی کە خۆی چۆن بێت، ئەکرێت واتای جۆراوجۆری هەبێت و لەنێو ئاخێوەراندا واتاکەی شیاوی گۆڕانە( شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٧: ٥٨). هەربۆیە خواستن میکانیزمێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی لادانە واتاییەکان و(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٦)، هەروەها بە یەکێک لەو ئامرازانە سەیر ئەکرێت، کە بۆ پەیوەندییکردنە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ( **Чудинов**, ٢٠٠١: ١٩).

لە روانگەی زمانەوانییەوە میتافۆڕ بەشێکی گرنگی پراگماتیکە و تایبەتمەندییەکی زمانە، یارییکردنە بە سیما واتاییەکان (سازان ڕەزا موعین، ٢٠٠٥: ٤٨). بۆیە ئەکرێت بە سێبەری گەیاندنی واتا بناسرێت، ئەو وشەو زاراوانەی بۆ مەبەستی میتافۆڕ بەکاردێن، هەمیشە واتایەکی شاراوەیان لە ناخی خۆیاندا حەشارداوە جیاوازە لە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵام لە بنەڕەتدا خاڵێکی لێکچوونیی لە نێوان هەردوو واتادا بەدی ئەکرێت، میتافۆڕ دیاردەیەکی پێوەرییە لەبەکارهێنانی گشتییدا، ئەگەر واتای وشەکە دووربوو لە واتای فەرهەنگییەوە، ئەوا پێویستە پەنا بیرێتەبەر دەوروبەری وتنەکە، بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست، ئەمەش پشت بە لێکدانەوەی پراگماتیکیی ئەبەستێت، ئەبێت ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە، کە دەربڕینەکەی درووستکردووە و ناگونجێت لەگەڵ فەرهەنگی مێشک دا، ئەمەش لە ڕێگەی چالاککردنی تواناوە ئەبێت، کە ئەچێتە ئاستی لێکدانەوەی میتافۆڕ.

لێکدانەوەی میتافۆڕ لە ڕێگەی دەروونناسیی و درکپێکردنەوە ئەنجام ئەدرێت، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچوونیی بنیات ئەنرێت، واتە خواستن، ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە( الجاحظ، ١٩٩٨: ١٥٣). جا پەیوەندی لێکچوونی دەرەکیی بێت یان ناوەکیی، هەروەها تێڕوانین بۆ تێگەیشتن لە میتافۆڕ لە ئێستادا گۆڕاوە، کە لە زمان و عەقڵدا بەرجەستە ئەبێت، ڕوونکردنەوەی میتافۆڕ لای نوسەرەکان، تەکنیکی ئاوەزییە، کە ڕێگەئەدرێت بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی، کە بە ئەزموونی کۆمەڵایەتییدا تێپەڕیون. بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەوەی لە میتافۆڕی دەقی هونەریی جیائەکاتەوە، ئەوەیە بەکارهێنانی میتافۆڕ لەقسەکردندا چەندجارێک دووبارە ئەبێتەوە، ئەبێت بە میتافۆڕێکی باو، تا ئەگاتە ئەو رادەیەی وەکو دەربڕینێکی جێگیر لە زماندا سەیر بکرێن، بەڵام لە دەقی هونەرییدا دووبارەبوونەوەی شێوازی میتافۆڕ، بەهای دەقە ئەدەبییەکە لە داهێنان دائەماڵێت. ئەو داهێنانەی لە وێنە هونەرییەکانی ئەدەبیدا بەرجەستە ئەبێت، بەشێکی زۆریان لە ڕێگەی درووستکردنی شێوازی میتافۆڕەوە وەک هونەرەکانی رەوانبێژی ( خواستن، خوازە، درکە)دا ئەبینرێت(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١: ٣٦٧).

بەم پێیە میتافۆڕ چەشنێکە لە واتای ناپیتیی، کە لە قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا بەشداریی ئەکات، گواستنەوەی دەستەواژەیە لە زماندا، لە شوێنی بەکارهێنانی بنەڕەتییەوە بۆ مەبەستێکی تر(العسكري، ١٩٥٢: ٢٦٨)، بڕوانە نموونەی (٢):

## ٢. کچەکە حیلکەی دێت.

وەک لـە نموونـەی (٢)دا هاتـووە، (حیلکـە)، کـە فۆڕمێکـی فەرهەنگییـە و خەسـڵەتە سـیمانتیکییە فەرهەنگییەکـەی ئەوەیـە، کـە مارکەلێـدراوە بـۆ (ئەسـپ)، بـەڵام لـەم نموونەیـەدا دراوەتە پـاڵ (مـرۆڤ)، ئاماژەیە بـۆ دەنگـی پێکەنینێکی بـەرز، بەمـەش ئـەوە روونئەبێتـەوە، کـە فۆڕمەکـە بـۆ واتـای بنەڕەتیـی بەکارنەهاتـووە، بەڵکـو واتـای میتافۆڕیـی گەیانـدووە، چونکـە هـەروەک ئاماژەمـان پێـداوە، کـە ئـەو فۆڕمانـەی بـۆ واتـای میتافۆڕیـی بەکاردێـن خەسـڵەتێکی لێکچـوون لـە نێـوان هـەردوو فۆڕمەکـەدا هەیـە و واتایەکـی روونـتر و وردتـر بەدەسـتەوە ئـەدەن. هەربۆیـە ئەبێـت ئـەوە بزانرێـت میتافـۆڕ ئـەو وشـە و دەربڕینانـەن، کـە بەواتـای فەرهەنگییـان بەکارنایـەن ئەبـن بـە ئامـاژە بـۆ واتـا و مەبەسـتی خـوازراو، زمـانی میتافۆڕیـی رێگـە ئـەدات، کـە قسـەکەر واتایـەك، مەبەسـتێك بـە وشـە و دەربڕینێـك دەربـبڕێـت، کـە واتـای فەرهەنگیـی نەگەیەنێـت.


لەبـەر ئـەوەی میتافـۆڕ کەرەسـتەیەکی رەوانبێژییـە، کـە بەهۆیـەوە چەمکێـک بـە واتایەکیـی روون و ورد لەنواندنـی دەرەکیـی فەرهەنگییـدا بەکارئەهێنرێـت، کـە لـە رووی واتاییـەوە پەیوەندییـدار نییـە بـەو فۆڕمانـەوە، کـە لـە سـیاقی رسـتەکەدا دێـن، هەرچەنـدە پێکهاتـەی سینتاکسـییان ئاسـایی بێـت، بـەڵام کـۆت و بەنـدی واتاییـان دوورە لەواتـای بنەڕەتیـی فۆڕمەکانـەوە (David Ritchie, ٢٠١٣:٥)، هەربۆیـە لـە میتافـۆڕدا دوو کەتیگۆریـی لـە کاردان، یەکێکیـان ئەوەیـە، کـە وشـەکەی لـێ وەرگیـراوە، ئـەوەی تریـان ئەوەیـە، کـە تیایـدا بەکارهێـنراوە. جگـە لەمـەش زۆرجـار لـە میتافـۆڕدا مەرجـەکانی درووسـتەی ئارگۆمێنـت و هەڵاوێرکـرنی سـیمانتیکیی پێـڕەو ناکرێـن، بۆیـە میتافـۆڕ رەگـەزی نامۆیـی و رامـانی تێدایـە، بڕوانـە نموونـەی (٣):

## ٣.لەپێم کردووە.

لـە نموونـەی (٣)دا، ئەگـەر بڕوانینـە وشـەی (لەپێکـردن) لـە روانگـەی واتـای فەرهەنگییـەوە کردارێکـە بـۆ لەپێکـردنی (پێـڵاو) نیشـانەی لـێ دراوە، کەواتـە لـە نوانـدنی ناوەکیـی فەرهەنگییـدا فۆڕمەکـە لـە کەتیگۆریی(کـردار)دا هەڵگیـراوە، بـەڵام لەنوانـدنی دەرەکیـی فەرهەنگییـدا بەپێـی جێکەوتەکـەی واتایەکـی ناپێکهاتەیـی گەیانـدووە، چونکـە لـە رووی واتاییـەوە بەرانبـەر بـە کەسـێک ئەوترێـت، کـە (جێگـەی گرنگیـی پێـدان نەبێـت)، کەواتـە جگـە لـە گۆڕینـی واتاکـەی لـە واتـای بنەڕەتییـەوە بـۆ واتـای ناپێکهاتەیـی.

هەربۆیـە میتافـۆڕ لـە نیشـانە شـاراوەکانی فۆڕمێـکی فەرهەنگییـە، کـە زیاتـر بـۆ نیشـانەکردنی مەوداکانـە، چونکـە میتافـۆڕەکان بـۆ نیشـانەکردنی نیشـانە واتاییـەکانی وشـەیەک بەکاردێـت، کـە پلەبەندیـی هەبێـت، بڕوانـە نموونـەی (٤)، هەروەهـا میتافـۆڕەکان جێگـرەوەی مۆڕفۆلۆژیانـەن، ئـەم باسـە لـە نموونـەکانی خـوارەوەدا روونکراوەتـەوە. لـە تیـۆری سـیمانتیکیدا میتافـۆڕ بـە دیاردەیەکـی نائاسـایی دائەنرێـت، کـە پێویسـتە پشـتگوێ بخرێـت، چونکـە ناچێتـە ژێربـاری یاسـا تایبەتییـەکانی رێزمانـەوە، واتـە لـە بەکارهێنانـدا واتاکـەی روون ئەبێتـەوە و واتـای پـێ دەرئەبڕێـت. لـە راسـتییدا بەهـۆی مـەودا فراوانیـی و گشـتێتیی لـە نوانـدنی واتـای فەرهەنگیـی پۆلەڕەگەزەکانـدا وا ئـەکات، ئاخێـوەری زمانێـك نیشـانەی واتایـی فۆڕمێـکی تـر بـۆ نیشـانەکردن بەکاربهێنێـت، بـۆ نموونـە لـە /کۆمپیوتـەر/ واتـای (ژیریـی و خێرایـی و وردیـی) و-لـە /تەیـارە/ واتـای (خێرایـی و زووگەیشـتن) و لـە / شـێر/ (ئازایەتیـی) و لـە /گـوڵ/ واتـای (جوانیـی و بۆنخۆشـیی و پاکیـی) بـە دەسـت دێـن، ئـەو نیشـانە واتاییانـەی لەنوانـدنی واتایـی وشـەکاندا بـە دەسـت هاتـوون، لـە نوانـدنـی فۆڕمیـی و واتایـی پۆلـە رەگـەزە فەرهەنگییەکەیانـدا بـەدی ناکرێـن، بڕوانـە هێڵکاریـی(٢):-

٤. أ. کۆمپیتەرەکەی پۆل ئەم ساڵ یەکەمبوو.
ب. وەک تەیارە هاتەوە.
ت.شێرەکان لە سەنگەردان.




هێڵکاریی (٢)

هێڵکاریی (٢) بۆ نیشانەکردنی ئەو گشتێتیی و پلەدارییەیە، کە لە ئاوەڵناوەکاندا هەن، بەڵام گەر سەرنجی بدرێت، مەودای نێوان ئاوڵناوە فەرهەنگییەکان بە ناوی فەرهەنگیی پڕئەکرێنەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی میتافۆڕ پرۆسەی بەکارهێنانەوەی فۆڕمی فەرهەنگییە بۆ نواندنی واتایی، بۆیە ئەبێتە جێگرەوەی یاسا مۆڕفۆلۆژییەکان، کە ئەوان بە داڕشتنی فۆڕمی نوێ واتای نوێ بەرهەم ئەهێنن. واتە بۆ نموونە لەبری ئەوەی بۆ یەکێك لە پلەکانی (زیرەکیی)، (ئازایی)، (خێرایی) فۆڕم دابڕێژرێت، /کۆمپیوتەر/، /شێر/، /تەیارە/، /گوللە/ بەکارئەهێنرێتەوە. فۆڕمەکانی ناو فەرهەنگ بۆ چەمك و بیرکردنەوەی پێش-فەرهەنگیی و بۆ نیشانەیەکی واتایی وشەیەکی گشتیی ناو فەرهەنگ دائەڕێژرێن، بۆیە میتافۆڕ لەو جۆرانەیە، کە بۆ نیشانەی واتایی وشەیەکی فەرهەنگیی دائەڕێژرێت و لە هەناوی ئەوانەوە یەتە دەرەوە. هەندێك میتافۆڕ ئەتوانێت بچێتە ناو بەشە تایبەتییەکانی رستەوە، لە راستییدا میتافۆڕ لەو جۆرە تەرزەی زمانە، کە ئاخێوەری زمان و بە تایبەتیش شاعیران توانای داهێنانیان تێیدا هەیە، کە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی دەقێك و زۆر بەکارهێنانی بڵاوئەبێتەوە و وەك هەر واتایەکی تری فەرهەنگیی لای ئەخێوەرانی زمان ئەناسرێتەوە( بژوێن یحیی محەمەد، ٢٠٢١: ٢١٧). هەربۆیە زمان لە سروشتی خۆیدا میتافۆڕە و زمانی شیعریش ئەرکێکی گرنگ ئەبینێت و وێنا شیعرییەکە لەو دەربڕین و بەکارهێنانە رزگارئەکات. (ئازاد ئەحمەد،٢٠٢٠: ٣)، ئەبێ لە بەکارهێنانی وشەکاندا سوود لە نیشانەی واتاییان وەربگرین، کە هەریەکێکیان وەکو کۆدێک دائەنرێن, هەر وشەیەکیش کۆمەڵێک کۆدی هەیە، بە بەزانینی یەکێک لەو کۆدانە میتافۆڕ درووست ئەبێت.

بڕوانە نموونەی(٥):

-

## ٥. لەوەڕەکەی باشە.

لە نموونەی (٥)دا، وشەکان بە واتای خوازراو بەکارهاتوون، خۆیان لە بنەڕەتدا لێکسیمن و سەر بە کەتیگۆریی فەرهەنگیین، بەڵام لێرەدا واتای ناپێکهاتەییان وەرگرتووە و واتای بنەڕەتییان لە دەستداوە، چونکە فۆڕمی (لەوەڕ) فۆڕمێکی فەرهەنگییە و بەرانبەر بە واتایەک هەڵگیراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو جێگەیەی ئاژەڵ خواردنی تێدا دەست ئەکەوێت، بەڵام لەو ڕستەیەی سەرەوەدا بۆ گەیاندنی واتای فەرهەنگیی بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکو توانجێکە رووبەڕووی ئەو کەسانە ئەوترێت، کە جەستەیەکی قەڵەویان هەیە، ئەمەش هیچ پەیوەندی بە واتای فەرهەنگیی وشەکانەوە نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەکو ئاماژەی پێکرا هەر نیشانەیەکی لێکچوون بوونی هەیە لە نێوان واتا فەرهەنگیی و واتا فەرهەنگییەکەیدا، ئەوەی مەبەستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە، کە لە ئاستی واتای خوازراودا ڕووداوی فیزیکی نامێنێت و هەڵسوکەوتی کارەکە هەر بە واتا ڕوونەدات، واتە ڕووداوی واتایی ئەچێتە جێی ڕووداوی فیزیکی، بۆیە ئەوترێت میتافۆڕ ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا ئەبینێت.

بەگشتیی ئەوەی لە میتافۆڕدا ڕوودەدات ئەوەیە، کە نیشانەیەکی واتایی دێتە سەرەوە و پێش نیشانەیەکی واتایی دیکە ئەکەوێت، لە ئەنجامدا بەزاندنی یاساکان ڕوودەدات، بۆ ئەوەی بتوانین بە واتای دروست بگەین، واتا لەوە تێبگەین بە مەبەست لادانی واتایی ڕوویداوە و هەڵەی ڕێزمانیی نیە، ئەبێت بەدوای نیشانەی هاوبەشدا بگەڕێین، بە مەبەستی بەهادارکردنی. خواستن گۆڕینێکی ڕووتی واتا نییە، بەڵکو گۆڕینی سرووشتی واتایە، گواستنەوەی واتای زەینییە بۆ واتای هەڵچوونیی، پەڕینەوەیەکە لە زمانی ئاماژەییەوە بۆ زمانی سرووشبەخشیی، میتافۆڕ سیمایەکە لە سیماکانی شێوازی مەعریفیی، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ گواستنەوەی بنیاتی ئاوەزیی بە تایبەتی لە کاتی نەخشەڕێژیی و نواندنی بیرێک، شاعیرەکان خاوەنی کۆزانیارین، بەردەوام ئاگاداری ئەم سیستەمەن. هەندێک تێڕوانیین پێیان وایە میتافۆڕ زادەی ئەندێشەی شاعیر و زەغرەفەیەکی ڕەوانبێژییە، ئامرازێکە تەنها لە زمانی نائاساییدا ئەبینرێت، هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ ئەفسانەکانی درووست کرد، زمانی پڕکرد لە خواستن (میتافۆڕ)(**Потебня**, ١٩٩٠:٣٠٤)، بەڵام لە ڕاستییدا میتافۆڕ تایبەتمەندییەکی زمانە و پەیوەندیی تەواوی بە واتای وشەوە هەیە، چونکە هەر بە بەڵگەی زمانیی دا ئەوە دەرئەکەوێت، کە پێڕەوی بیری ئاسایی میتافۆڕییانەیە و، ئەمەش سەرەتای ناسینەوەی ئەو میتافۆڕانەیە کە ڕۆنانی بیرکردنەوە و کارکردن و پەیبردن بە دەوروبەر دیاریی ئەکەن.

هونەری خواستن بەرهەمی بیری ئەندێشەی فراوانی مرۆڤە و بە بەراود لەگەڵ لێکچواندندا قۆناغێکی پێشکەوتووتری ئادەمیزادە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمان و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە ئەبینێت، ئەمەش ئەیکاتە پێویستییەکی داهێنانی شیعریی، چونکە قەشەنگترین دیمەنەکانی وێنەگرتنی هونەرییە( فەرهاد قادر کەریم، ٢٠١٢: ٢٠٢)، هەروەها هونەرێکی ڕەوانبێژییە، چونکە جوانیی شیعر لە جوانی خواستندایە( سەردار ئەحمەد حەسەن، ٢٠٠٣: ٢٣٧)، لەبەر ئەوەی وێنەی شیعریی پێکئەهێنێت و لقێکە لە خوازەی زمانیی، خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەک، بە پێی لێکچوونی واتایی لە شوێنی هێمایەکی تر لەسەر تەوەرەی ستوونی. خواستن گۆڕینەوەی وشەیەکی سواو و باوە بە وشەیەکی تر، یان هێنانی وشەیەکە دوو واتای هەبێت، یەکێکیان واتای فەرهەنگیی و ئەوی تر واتایەکە لە دەوروبەری سینتاکسیی دا، هەروەک لە سەرەوە ئاماژە بەوەکرا، کە ئەم حاڵەتە ئەبێتە هۆی ئەوەی دوو کەتیگۆریی لە کاردا بن، واتە فۆڕمەکە بە واتا بنەڕەتییەکەوە

لە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییدایە و، بەهۆی واتا نوێیەکەوە لە دەوروبەری سینتاکسیی دا ئەچێتە کەتیگۆرییەکی ترەوە، بەڵام لە خواستن دا ئەبێت پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت، پەیوەندییەکەش لە نێوان ئەم دوو واتایە ئەبێت لێکچواندن بێت، چونکە ئەگەر پەیوەندییەکە لێکچواندن بێت، ئەوا ئەبێتە (خواستن)، ئەگەرنا ئەبێت بە (خوازە)، کە گواستنەوەی واتایە لە واتای باوەوە بۆ واتایەکی نوێ(عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٥: ٨٦).ئیرینا ئارنۆڵد (Arnold) ئەڵێت: ((خواستن بەزۆریی بە بەراوردێکی شاراوە پێناسە ئەکرێ، کە جێبەجێکردنی ناوی شتێکە بۆ شتێکی تر. بەو شێوەیە هەندێک تایبەتمەندیی گرنگی دووەمیان ئاشکرائەبێت.))( **Арнольд**, ٢٠٠٢: ١٢٤ کەواتە هەروەک لێکچواندن وایە، بەڵام زیاتر جیاوازییان لەوەدایە، یەکێک لە بنەماکانی لێکچواندنی تێدا نییە و شاراوەتەوە، جا بۆئەوەی بزانین لێکچواندنە، پێویستە نیشانەیەک هەبێت، کە جەخت لەسەر واتا خواستراوەکە بکاتەوە، بۆیە ئەتوانین بڵێین: خواستن، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک نەک بە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵکو بەواتا مەبەستدارەکەی، واتە ئەو واتایەی مەبەستمانە، هەربۆیە پێویستە نیشانەیەک ئەوە دەربخات، کە مەبەست لە واتای راستەقینەی وشەکە نییە، بەڵکو مەبەست لە واتا خواستراوەکەیە( ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٤٥).

## ٣/ رۆڵی میتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دا:


میتافۆر رۆڵێکی سەرەکیی ئەبینێت لە پڕکردنەوەی فەرهەنگی زمان دا، چونکە فەرهەنگی هەر زمانێک هەرچەندە دەوڵەمەند بێت بە وشە، هێشتا ناتوانێت پێشبینیی هەموو ئەو بارە جیاوازانە بکات کە رووبەڕووی مێشکی مرۆڤ ئەبنەوە و کاریگەریی تەواویش لە زمان ئەکەن، بۆ ئەم حاڵەتەش زۆرجار هەوڵدراوە فۆڕمە کۆنەکانی زمانەکە واتای نوێی پێ ببەخشرێت، واتە بەکارهێنانەوەی فۆڕمەکانی زمانێک بە واتای نوێوە(بژوێن یحیی محەمەد،٢٠٢١: ٤٩). هەروەها دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە بە هۆی سنووردارێتی وشەکانی زمانەوە درووستبوون، میتافۆر بە هۆکارێکی سەرەکیی دائەنرێت بۆ جێگرەوەی فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیی(ڕۆژان نوری عەبدوڵا،٢٠٢٢: ١٤)، یەکێک لە گرنگییەکانی میتافۆر سەبارەت بە فەرهەنگی زمان ئەوەیە، کە واتای بنەڕەتیی وشەکە لەناو نابات، واتە نەک هەر واتای نوێ دێنێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، بەڵکو سامانە بنەڕەتییەکەش ئەپارێزێت، چونکە بۆ لێکدانەوەی واتای میتافۆریی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ واتای بنەڕەتیی فۆرمەکە (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: ١٢)، یەکێک لەو هۆیانەی گرنگیی بە میتافۆر ئەبەخشێت ئەوەیە، کە مەودای فراوانکردنی واتای دانە فەرهەنگییەکان بەزمان ئەبەخشێت، بە جۆرێک بتوانێت هەموو هەست و بۆچوون و تێڕوانینێک دەرببڕێت تەنانەت ئەو بیرانەش، کە زمانەکە وشەی بۆ ئامادە نەکردوون.

## ٤/ میتافۆرو سیمانتیکی شیعر/ شیعری شێرکۆ بێکەس:

گشتێتی زۆرجار لەناو زمانێکدا کردەی تێگەیشتن لە رێگەی کۆدەکانەوە بەرجەستە ناکات، چونکە بۆ نموونە گشتێتیی لە زمانێکدا پەیوەندیی هەمەلایەنی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە ئەکات، واتە ئاستێکە بۆ ئەوەی هەموومان وەکو کوردێک لە دەربڕاوەکان تێ بگەین، تێگەیشتنی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییمان هەیە، پێویستە لە رێگەی فۆرمداڕشتنی نوێوە بەرجەستە بکرێن، کردەی لەیەکگەیشتن لە رێگەی فۆرمداڕشتنەوە بۆ

ئەوەیە، کە لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی بڕوات و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، بە تایبەتیی لە تابۆ و جوانبەخشییندا. بۆیە ئەتوانین بڵێین نیشانەکردن هەنگاونانە لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی، واتە چەمکێک لە گشتێتییەکەیدا زانیارییەک یان ناوەڕۆکێکی فراوانتر ئەگەیەنێت لە وشەکانی خوارخۆی، بەو مانایەی مارکەلێدان کردەی تێگەیشتن زیاد ئەکات و بنەمای هاریکاریی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا بۆ لێکدانەوەی کۆد دەستەبەر ئەکات، هەروەها ئەگەر مارکەلێدان نەبێت پەیوەندییەکان لە گشتێتییدا ئەمێننەوە. لە چەمکی نیشانەکردن دا وادەرئەکەوێت، کە واتای میتافۆڕیی ڕاستەوخۆ لە نیشانەکردنەوە دێت، بۆ نموونە /پۆڵا/ بە واتای (بەهێز) دێت، ئەم نیشانەیە واتا میتافۆڕییەکەی وشەکەیە، هەر بۆیە /دڵی پۆڵا، بازووی پۆڵا.../ لەزماندا درووستبووە، بۆ ئەوەی بگەین بەو ڕاستییەی، کە چیی وامان لێ ئەکات هەندێک دەربڕین بە خوازە وەربگرین و هەندێکی تریش بەواتای بنەڕەتیی، نابێت لەژێر کاریگەریی ئەو بیروبۆچوونەوە بڕیار بەین، کە کام کۆت و بەندی ڕێزمانیی شکێنراوە و بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی دەربڕینێک، کە بە سەلیقە ئەزانرێت، چونکە دواتر بەئاسان ناگەین بەوەی، کە هەموو بەزاندنی کۆتێکی زمانیی و هەموو شلکردنەوەیەکی یاسا زمانییەکان میتافۆڕ بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو زۆرجار ناوێزەیی دێنێتە ئاراوە، نەک میتافۆڕ، لەبەر ئەمەیە گوێگر ئەبێت نیشانەی فۆڕمە میتافۆڕییەکان بدۆزێتەوە، لەگەڵ نیشانەی هەمان فۆڕم لە باری ئاسایی (نامیتافۆڕ)ییدا، بەراوردیان بکات تا بزانێت کام لە نیشانە واتاییەکانی فۆڕمەکە لابراوە و کامەیان تیشکی خراوەتەسەر، چونکە تیشک ئەچێتە سەر لایەنێکی واتایی، بەم جۆرە لە کردەی دروستبوون و شیکردنەوەی میتافۆڕدا هەردوو لایەنی واتایی (سیمانتیک) و ( پراگماتیک) بەشدارن، ئەگەر وا نەبێت تێگەیشتن لە میتافۆڕ ئاسان نابێت (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: ١٠١).

ئەگەر سەرنج بەینە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس لە بەکارهێنان و بەرەوپێشچوونی زمانی شیعرییەکەیدا، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە زمانی شیعرییەکەی لە فەرهەنگ و ستاتیکە هونەرییەکان پێکهاتووە، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندییەک ئەدات بە شاعیر، چونکە شیعر لە ئەزموونی شیعریی تاکە کەسیی شاعیرەوە درووست ئەبێت، بەو مانایەی کە ئەزموونی شیعریی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەداهێنانی کەسایەتیی شاعیرەوە هەیە، کە بەها تەکنیکییەکانی شیعری تێدا بەرجەستە ئەبێت. شاعیری بە توانا وشە تەنها بەو واتایە بەکارناهێنێت، کە لە فەرهەنگدا هەیەتی، بەڵکو وزە و واتای نوێی پێ ئەبەخشێت، چونکە زمانی شیعریی زمانێکی جێگیر نییە و لەناخی هەموو شاعیرێکدا زمانزانێکی داهێنەر هەیە, هەربۆیە توانای دەربڕینی داهێنەرانەی هەیە، لێرەدا تیشکی توێژینەوەکە لەسەر زمانیی شیعریی شێرکۆ بێکەسە، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە تەمەنی شیعری شێرکۆ بێکەس گەلێک درێژە و لەو ماوە درێژەدا زمانە شیعرییەکەی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەو زمانەی (تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر)ی پێ نووسیووە، جیاوازە لەو زمانەی بەسەر بەشێک لە شیعرەکانی وەکو: (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)دا زاڵە. لە لای شێرکۆ سرووشت و خۆشەویستی نیشتیمان وڵاتی شیعری شێرکۆی داگیرکردووە، بۆیە خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی پڕ لە وشەی جوانە، شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەریی لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە هانا بۆ بەکارهێنانی واتای میتافۆڕیی وشەکان ئەبات و لە (دەربەندی پەپوولە)دا زمانێکی باڵای پڕ لە میتافۆڕی بەکارهێناوە، بڕوانە هێڵکاریی(٣):




هێڵکاریی (٣)

ئـەوەی لێـرەدا توێژینەوەکـە ئەیخاتـەڕوو، بەکارهێنـانی وشـەکانی زمانـە بـۆ چەندیـن مەبەسـت و واتـای جیـاواز، واتـە توانـای شـاعیر گەیشـتووەتە ئاسـتێک، کـە توانیویـەتی لـە چوارچێـوەی یـەک دیـوان دا یـەک فـۆڕم بـۆ چەنـد واتایەکـی میتافۆڕیـی بەکاربهێنێـت، بـەڵام لەبـەر پاراسـتنی سـنووری توێژینەوەکـە، ئەبێـت سـەرەتا وشـەکە لـە روانگـە زمانەوانییەکـەوە، واتـا نیشـانە واتاییـە فەرهەنگییـەکانی وشـەکە بخەینـەڕوو، دواتـر ئەتوانیـن تیشـک بخەینـە سـەر واتـا میتافۆڕییـەکانی لـە دەربەنـدی پەپوولـەدا، بـۆ نموونـە فۆڕمـەکانی (شـیعر، هۆنـراوە، قەسـیدە، هەڵبەسـت)، کـە لـە تـەواوی دیوانەکەیـدا شـاعیر توانیویەنتـی زۆرتریـن جـار بەکاریـان بهێنێتـەوە بـۆ چەندیـن واتـای میتافۆڕیـی جیـاواز، بـەڵام ئەبێـت ئـەوە بزانرێـت لـە زمانـدا ئـەو فۆڕمانـە لـە واتـای فەرهەنگییانـدا بەرامبـەر بـەو دەربڕاوانـە بـەکار ئەهێنرێـن، کـە کێـش و سـەروایان هەیـە و ئاوێتـەی هەسـت و سـۆز و وێنـەی هونەریـی بـاڵان و بـە زمانێکـی تایبـەت نووسراونەتـەوە، بـۆ زانینـی واتـای میتافۆڕیـی ئـەو فۆڕمانـە لای شـێرکۆ بێکـەس، بڕوانـە نموونـەی(٧):

٧. /شیعر/

چەمکـی / شـیعر/ یەکێکـە لـەو چەمکـە باوانـەی، کـە شـاعیر زۆرتریـن جـار لـە دیوانەکەیـدا بـەکاری هێناوەتـەوە و توانیویەتیـی چەندیـن واتـای میتافۆڕیـی لـێ بەرهـەم بهێنێـت، لـە زۆربـەی جارەکانـدا چەمکـی شـیعر بـە مـرۆڤ کـراوە و سـیفەتەکانی مرۆڤـی دراوەتەپـاڵ، هەندێـک جاریـش بـە رووەک کـراوە و سـیفەتەکانی رووەک دراوەتـە پـاڵ و، چەمکـی شـیعر و واتـای میتافۆڕیـی لـێ بەرهـەم هاتـووە، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە سـەلیقەی شـاعیر و توانـای بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـە فەرهەنگییـەکان بـۆ واتـای میتافۆڕیـی، چەنـد نموونەیـەک هێنراونەتـەوە بـۆ روونکردنـەوە و هەروەهـا هەوڵـدراوە تەواویـی بەکارهێنانـەوە میتافۆڕییـەکانی چەمکـی شـیعر لـە هێڵکاریـی (٤)دا بخرێنـەڕوو:

أ. لەوێڕا گەر چەوێ لە بینی کانییەک بگیرێ
لێرەڕا ئەم شیعری قرخەیەک ئەکات و
دەست ئەبا بۆ قورگی(٥٢٣).
زامێکم لەدوندی کەکۆنی حاجیدا بۆپێکەن
با سەری بڕڕاوی شیعرێ بێ

یان مەمکی « وەسانان «(٥١٢).


نیشتیمان! من ناوت لێ ئەنێم گڵمتکێ

ئەوەندەی لە مشتی شیعرێکما تۆ جێگەت بێتەوە(٥٦٩).

پ. تۆ بێ « هەڵگورد « شیعرێکی کاکی بەکاکیت

نە گزنگت تێدا ئەڕوێ و نە سۆزیشت باڵا ئەکا (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩:٥٠٩).

وەک لـە نموونـەکانی سـەرەوەدا دیـارە، کـە لـە چەنـد دێڕێکـی جیـاوازی نێـو دیوانەکـەوە وەرگیـراوە، لـە رووی بەکارهێنـانی واتاییـەوە فۆرمـی شیعر هـەر جارێـک بـە واتایـەک بەکارهاتووەتـەوە، کـە هیچیان واتـای بنەڕەتیی شـیعر نیـن و واتـای مەبەسـتدار و میتافۆرییـن، لـە نموونـەی (ا)دا، چەمکـی /شـیعر/ بـە مـرۆڤ کـراوە، چونکـە لـە سـیاقی بەکارهێنانەکەیـدا لەگـەڵ ئـەو وشـانەدا کـۆت و بەنـد کـراوە، کـە سـیفەتی مرۆڤـن، چونکـە کاتێـک مـرۆڤ شـتێک لـە بینی/قورگـی بگیرێـت، قرخـە ئـەکات و دەسـت بـۆ قورگـی ئەبـات، لێرەدا هەوڵـی شـاعیر لـە بەکارهێنانـەوەی فۆرمـی / شـیعر/ لـە جێگـەی مـرۆڤ مەبەسـتی شـاراوەی نێـو دەقـە شـیعرییەکەیە، ئەویـش لەوەدایـە کاتێـک شـاعیر لـە تاراوگـە بـووە و لێـرە نیشـتیمانەکەی لـە ئـازاردا بـوو، کـە ناچاربـووە ئـازارەکانی نیشـتیمانەکەی بـە شـیعر دەرببڕێـت. بـە هەمـان شـێوە لـە نموونـەکانی (ب، ت، پ)یشـیدا، کـە (سـەری بـڕاوی شـیعر، مشـتی شـیعر، شـیعری کاکـی بـە کاکـی)، ئەمانـەش بـە هەمـان شـێوەی نیوەدێـڕی یەکـەم هەریەکـە و مەبەسـتێکی شـاعیری تێـدا خراوەتـەڕوو، بـەڵام مەبەسـتی توێژینەوەکـە زیاتـر پێـدانی واتـای میتافۆرییـە بـە فۆرمـی /شـیعر/. بـۆ بینینـی نموونـەی زیاتـر و بەکارهێنانـەوەی ئـەم فۆرمـە بـە مەبەسـتی پێـدانی واتـای میتافۆریـی بڕوانـە هێڵکاریـی (٤):




هێڵکاریی (٤)


٨. / مێژوو/

شـاعیر لـە تـەواوی دیوانەکەیـدا هەوڵیـداوە زۆرترینـی ئـەو فۆرمانـەی دەربیرپـیـون دووربـن لـە واتـا و مەبەسـتی بنەڕەتیـی فۆرمەکـە، واتـە بـە زمانێکـی شـیعریی دوور لـە بەکارهێنـانی واتـای فەرهەنگیـی تـەواوی مەبەسـتەکانی دەربڕیـوە، کـە ئـەم زمانـە باڵایـە شـاعیری بردووەتـە لوتکـەی سـەلیقەی بەکارهێنـانی فۆرمـەکانی فەرهەنگـی زمـان و لـە نواندنیانـدا بـۆ واتایەکـی نـوێ و دوور لـە واتـای فەرهەنگیـی بەکاریـان بهێنێتـەوە، بـۆ نموونـە بەکارهێنانـەوەی فۆرمـی

/مێـژوو/، گـەر بڕوانینـە نموونـەی (٨)، زۆر بـە جـوانی دیـارە، کـە شـاعیر مێـژووی بـە مـرۆڤ کـردووە و لـە یەکێـک لـە نیوەدێڕەکانـدا، تەنانـەت مێـژوو سـیفەتی (شـل)ی خراوەتەپـاڵ، کـە ئـەوە دەرئەخـات مێـژوو بـە تـەن کـراوە و سـیفەتەکەش نیشـانەیەکی دیـار و ئاماژەیەکـی روونـە بـۆ (ئـاو)، لەخـوارەوە نموونـەکان ببینـە:

ا.٨. لێرەش هەر کوێستانی زمانم لە مەنفا ئەمرێت و
مێژوویشم عەگاڵی لەسەری پێچراوە(٥٧٤).
ب. هەنوکە من لەگەڵ مێژووی کەڕ ئەدوێم و
زمانم غەریبی فەرهەنگی خۆیەتی(٥٤٧).
ت. پێویست بو ئەو کاتەی شڵپەی خوێن لە ڕۆخی
لەشەوە، ئەگەیشتە گوێی مێژوو، لەو زەریا سورەدا(٥٢٧).
پ. لە گوێ زەریایت
یەکەم جارە ئەم مێژووە شلە ببینی (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٥٨٤).

گـەر لـە نیوەدێـڕی یەکەمـەوە بڕوانینـە بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـی /مێـژوو/، زۆر بـە روونی خواسـتی شـاعیر لـە بەکارهێنانـەوەی ئـەو فۆڕمـە بـەو سـیفەت و واتایـەوە دەرکەوتـووە، چونکـە جیـا لەوەی(مێـژوو عەگاڵـی لەسـەرە)، مێـژوو بـە مـرۆڤ کـراوە، چونکـە مـرۆڤ عـەگاڵ لەسـەر ئـەکات، واتایەکـی قووڵـی لـە پشـت ئـەو دەربڕینـەوە حەشـاردراوە، ئەویـش روانینـە لـە مێژوویـەک، کـە دەسـەڵاتی عـەرەب زاڵبـووە بەسـەریدا، چونکە (عـەگاڵ) نیشـانەیەکی دیـاری نەتـەوەی عەرەبـە و بەهـۆی تەعریبـەوە هەرچەنـد ئـاوڕ لـە مێـژوو بدەینـەوە، هـەر تەنهـا داگیرکـردن و زامـە قووڵـەکانی نیشـتیمانمان لـە لایـەن نەتـەوەی عەرەبـەوە بەسـەر جەسـتەی نەتـەوە و خـاک و کلتـوور و تـەواوی تایبەتمەندییەکانمانـەوە هـەر مـاوە. شـاعیر لـە دێـڕەکانی (ب، ت، پ)یشـدا فۆڕمـی مێـژووی بەکارهێناوەتـەوە، وەکـو (مێـژووی کـەڕ، گوێـی مێـژوو، مێـژووی شـل)، کـە توانـای بەکارهێنانـەوەی بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتی جیـاواز تێـدا خراوەتـەڕوو. بـۆ بینینـی نموونـەی زیاتـری بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـی /مێـژوو/ لـە دیوانەکەیـدا بـۆ پێـدانی واتـای جیـاواز و تەنانـەت دوور لـە واتـای فەرهەنگیـی بڕوانـە هێڵکاریـی (٥):




هێڵکاریی (٥)


٩. / پلە پێوەر/

مەبەستی توێژینەوەکە لێرەدا بۆ نواندنی فۆڕمە فەرهەنگییەکانە، بەڵام بۆ خستنەڕووی سێمای پێوانەیی فۆڕمەکەیە، بەو مەبەستەی شاعیر دەستی بۆ ئەو فۆڕمانە بردووە، کە نیشانەی [+ پلەپێوەر]یان تێدا هەڵگیراوە، چونکە زۆر و کەمیی (ئاخ، ژان، سۆز،...)مان لە ریگەی بەکارهێنانەوەی ئەو فۆڕمانەوە بۆ نیشانەدەکات، کەواتە ئەبێت ئەو فۆڕمەی شاعیر بە کاری ئەهێنێتەوە هەرچەندە لە ناو ئەدەبدایە و شاعیر ئازادە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، بەڵام پێویستە بە یاسای زمانییەوە پەیوەست بێت، چونکە تاوەکو فۆڕمەکە نیشانەیەکی پێوانەیی تێدا نەبێت، نە لە زماندا ئەتوانرێت بۆ پلەپێوان بەکاربێتەوە، نە شاعیریش دەتوانێت بۆ نیشاندانی پێوانەیی وەریبگرێت، بڕوانە نموونەی (٩)، هەروەها لە هێڵکاریی (٦)دا زۆرینەی ئەو وشانەی شاعیر بۆ سێمای پێوانەیی بەکاریهێناون خراونەتەڕوو، لە خوارەوە نموونەکان ببینە:

٩. ا. دوندی ئاخ لە سینەی بووڵێڵی ئێمەدا
هەڵکشاو، سەربەگوڵ، چەند بەرزە(٥١٦).
ب. چۆن توانیت بە تاڵە زوڵفێکی حەبیبە
گردۆڵکەی ژانی خۆت لە قەدی شەوانی تەنیایی
شەتەک دەیت؟ (٦٠٩)
ت. بەڵام بۆ شیعری جوان، زرنگەی پاوانە
بۆ کانە پرشنگی هزری ورد, بارانی خەیاڵ و
بریقەی هەستی تەڕ(٦٠٨).
پ. زنجیرە سەماکی کۆتەڵمان
یەک بە یەک چۆن بەسەر پێدەشتی
سۆزماندا
ئەڕوانن! (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٥١٦).

بە تێروانین لەنموونەکانی (٩) ئەتوانین ئەوە ببینین، کە شاعیر (دوند، گردۆڵکە، کان، پێدەشت)، کە لە بنەڕەتدا واتە لە واتای فەرهەنگییاندا تەنێکی سروشتیین، بەڵام لەبەر ئەوەی سێمای پلەپێویان تێداهەڵگیراوە، واتە لە ئاوەزی هەموو تاکێکی ئاخێوەری زماندا، بەرانبەر بەو فۆڕمانە نیشانەی پێوانەیی هەیە، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئەتوانرێت وێنابکرێت، کە شاعێر دەڵێت: (دوندی ئاخ) واتە هەمووان ئەوە ئەزانین، کە دوند لوتکەیە و لەوە بەرزتر شتێکی ترمان نییە، هەروەها فۆڕمی (ئاخ)یش پلەداریی تێدایە، بۆیە ئەتوانرێت رێژەی ئاخ و... پلەکانیان دەستنیشان بکرێت، بۆیە شاعیر هاتووە لە زۆریی ڕێژەی خەم و پەژارەی نەتەوەکەیدا (دوند) ی هەڵبژاردووە، ئەمەش پێوانەیەکە بۆ زۆریی خەم و ئاخی ئێمە وەک نەتەوەی کورد. یان (گردۆڵکەی ژان) بە هەمان شێوە، بەڵام (کانەپرشنگی هزری ورد) شاعیر ئەیەوێ بڵێت (نالی) بۆیە توانیویەتی تەواوی ئازار و خەم و ژانی نەتەوەکەی بە شیعر دەرببڕێت، چونکە هزری شاعیر وەکو کانێک وابووە، کە گەنجینەی گەوهەر و ئەو شتە بریقەدارانەبووە، کە ڕەونەقدار و پرشنگیان هەبووە و گرانبەهابوون، بۆیە وشەکانیشی هێندە بە

نرخ و بە قیمەتن و توانیویەتی جوانترین دێڕەشیعریان لێ بەرهەم بهێنیت، هەروەها ئەمەش بە هەمان شێوە ئەوە ئەسەلمێنێت، کە فۆڕمەکانی (ژان، هزر) پلەدارن و بە فۆڕمی پلەپێوی شاعیر ئەتوانرێت مارکە/نیشانە لە پلەکانیان بدرێت، بۆبینینی نموونەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (٦):




هێڵکاریی (٦)

هەروەها یەکێکی تر لەو فۆڕمانەی لای شاعیر بەکارهاتووەتەوە و پلەبەندیی بۆ کراوە، فۆڕمی /خەم/ە، واتە گەر بڕوانینە نیشانە واتاییەکانی ئەم فۆڕمە وەک دانەیەکی لێکسیکیی، ئەوا دیارە کە خاوەنی نیشانەی پلەبەندییە و هەموو خەمێک یەک پلە و یەک پێوەری نییە، واتە خەم هەیە سوکە و خەمیش هەیە قورسە، جا ئەوەی پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەوە بەکارهێنانە پلەییە ئەدەبییەکەی شاعیرە، ئەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو، کە شاعیر کام فۆڕمانەی زمانی بەکارهێناوەتەوە لە بەرگێکی شاعیرانە و بەواتایەکی میتافۆریی نیشانە/مارکەی لە پلەکانی /خەم/ داوە، بڕوانە نموونەی (١٠.أ)، هەروەها فۆڕمی /خەون/یش بە هەمان شێوە، بۆ بینینی نموونە بڕوانە (١٠.ب)و هێڵکاریی (٧):

١٠. أ. خۆ ئەم چەمە سەرکەشەی خەم لەخۆیەوە جڵەوی ڕۆخی ئارامی نەپچڕاندووە (٥٧٥).

ب. دەریاچەی ئەو خەونە هیچ گەرا ئەستێرەی جێنەهێشت؟

قەتارەی ئەو هەوری وشانە نەخرۆشان؟

گزنگیان دانەڕشت؟ (٦٢٨).

خەم
چەمی خەم
خەم دەسوتێ
خەمی درێژ
خەمی دەستوپل زبر
خەم هەڵدەفڕێ
خەمی گەش
خەمی بەختیار
خەم

خەون
دەریاچەی خەون
مێرگی خەون
بای خەون
خەون

هێڵکاریی (٧)


١١. /ئەندامەکانی لەش/

ئەندامـەکانی جەسـتە یەکێکـن لـەو فۆڕمـە بـە هێزانەی بەردەسـتی شـاعیر، کـە توانیویەتی زۆرتریـن واتـای میتافۆڕییان لـێ بەرهـەم بهێنێـت، چونکـە سـیفەتی بـە مرۆڤکـردن لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـەوەی ئـەو فۆڕمانـەوە یەتەبـوون، کـە تایبەتـن بـە مـرۆڤ، بۆیـە گـەر بڕوانینـە نموونـەکانی (١١)، ئەوەمـان بـۆ روون ئەبێتـەوە، کـە شـاعیر (پێڵـو، دەسـت، شـان، هەنـاو) ئـەم فۆڕمانـەی بەکارهێناوەتـەوە، لـە خـوارەوە نموونـەکان ببینـە:

١١. ا. وا خۆیشم ناوئەنێم قومێ ئاو
ئەوەندەی لە پێڵوی بەردێکتا
من جێگەم بێتەوە(٥٦٩).
ب. هەموو ڕۆژ دەستێکم کۆچ ئەکاو جێم دێڵێ
هەموو شەو من عەردی خەمێکی بەیارم و
ڕۆژانەیش تینویەتی شەهیدێ ئەمکێڵێ(٥٢٩).
ت. بە گەڵا تەقەڵی پایزان
چۆن هەور دائەدرووی
بە شانی غوربەتداو چۆن فرمێسک ئەڕوێنی؟!(٦٠٨)
پ. ئەو وەختەی تۆ لەناو هەناوی چیادا
بنج بویت و ئەتنوسی(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٥٠٩).

شـاعیر زۆر بـە جـوانی لـەو دێـڕە شـیعرانەی سـەرەوەدا توانیویـەتی فۆڕمـەکانی فەرهەنگـی زمـان بـەو شـێوازە

بەکاربهێنێتـەوە، کـە خـۆی ئەیەوێـت، وەک لەسـەرەوە باسـکراوە، کـە واتـای میتافـۆڕ تاکـە کەسـییە و بـەردەوام ئەگـەری وەرگرتنـی واتـای نوێـی هەیـە بـە پێـی خواسـتی شـاعیران لـە بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـەکانی زمـان بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتی خۆیـان، هـەر بۆیـە واتـای میتافۆڕیـی ناگەڕێتـەوە بـۆ نـاو فەرهەنگـی زمـان، چونکـە لێـرەدا ئـەوەی (پێڵـوی بـەرد، دەسـتێکم کـۆچ ئـەکات، شـانی غوربـەت، هەنـاوی چیـا)ی درووسـتکردووە تایبەتـە بـە شـێرکۆ بێکـەس، کەواتـە ئـەو واتـا میتافۆڕییـەی بـەم فۆڕمانـە درووسـتکراون لـە دێـڕە شـیعرییەکانی شـێرکۆ بێکـەس و بـە زمانـی شـیعریی شـێرکۆ بـە خوێنـەر گەیشـتوون، بۆیـە بەکارهێنانەوەیـان بـۆ گەیانـدنی ئـەم مەبەسـتانەی لێـرەدا باسـکراون، تایبەتـن بـە شـێرکۆ نـەک شـاعیرێکی تـر. بـۆ بینینـی نموونـەی زیاتـر بڕوانـە هێڵکاریـی (٨):




هێڵکاریی (٨)

سـەبارەت بـە چۆنێتـی درووسـتبوون و سـەرهەڵدانی میتافـۆڕ، سـیمانتیک و پراگماتیـک یەکتریـی تـەواو ئەکـەن، چونکـە زمانـەوانی سـەرهەڵدانی میتافـۆڕ ناگەڕێنێتـەوە بـۆ جوانکـردنی وتـن و دەربڕینـەکان، وەک بۆچوونـە ئەدەبییەکان بـۆی ئەچـن، بەڵکـو بەکارهێنـانی میتافـۆڕ بـۆ چەنـد هۆکارێـک ئەگەڕێتـەوە، لەهەموویـان گرنگـتر ئەوەیـە، کـە وشـە و دەربڕینـەکانی زمـان هەرگیـز ناگەنـە ژمـارەی ئـەو چەمکـە بیرییانـەی، کـە مـرۆڤ ئەیەوێـت دەریببڕێـت، کەواتـە پەیدابـوونی میتافـۆڕ و ئـەو بـارەی تێیـدا سـەر هەڵئـەدات، پەیوەنـدی بـە زمـان و دەوروبـەرەوە هەیـە. شـێرکۆ بێکـەس نموونـەی بـاڵای شـیعر و شـاعیری ئازادیـی و بەرگریـکاری مافـی ژن و ئەوینـی پـاک و خۆشەویسـتی بێگـەرد،

شـاعیری ئەنفـال و کیمیابـارانی هەڵبجـە و ژنـە رەشپۆشـەکانی دوای ئەنفـال و منداڵەهـەژارەکان و ماڵـە بێنەواکانـە، شـاعیری رۆژانی ئاوارەیـی و ژیـانی کولەمەرگیـی و سـەردەمی شـۆڕش و بەگژداچوونـەوەی دوژمنـانی کـوردە، یەکێکـە لـە وەرچەرخێنـەرانی شـیعری کوردیـی و بـە پایەیەکـی بـە هێـزی نوێکردنـەوەی ئەدەبـی کوردیـی دائەنرێـت، جگـە لـەوەی چەندیـن شـیعری نیشـتیمانیی و ئەویندارییـی نووسـیووە، هـاوکات بەرهەمـەکانی فەرهەنگێکـی دەوڵەمەنـدی زمـانی کوردییـن.

## ئەنجام

توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە، کە:

بەکارهێنـانی میتافـۆڕ لـە زمانـدا بـە تەنهـا ناگەڕێتـەوە بـۆ جوانکـردن و هەسـت بـە بەرداکـردنی وشـە و دەربـڕاوەکان، بەڵکـو واتـاکان هـەر لـە قاڵبـە زمانەوانییـە پێڕەوبەندییەکـەدا ئەمێننـەوە، چونکـە لـە زمـان دا میتافـۆڕ بـۆ نیشـانەکردن و روونـتر نیشـاندانی واتـا شـاراوەکانی نـاو وشـە فەرهەنگییەکانـە، بـەڵام بەکارهێنـانی میتافـۆڕ لـە ئـەدەب دا چێـژ بـە وشـەکان ئەبەخشـێت و وایـان لـێ ئـەکات هەسـتی خوێنـەر بجوڵێنـن.

واتـای میتافۆڕیـی وەک هـەر دەربڕاوێکـی تـری زمانیـی لـە گەنجینـەی فەرهەنگـی زمانـەوە یەتـە دەرەوە، واتـە نوانـدنی فۆڕمێکـی فەرهەنگییـە بـۆ گەیانـدنی واتایەکـی میتافۆڕیـی، جـا چ لـە زمـان دا بێـت یـان لـە ئـەدەب دا، ئـەو واتـا میتافۆڕییانـەی لـە نموونەکانـدا خراونەتـەڕوو، هەرچەنـدە فۆڕمەکانیـان لـە فەرهەنگـەوە هاتـوون، بـەڵام لـە نواندنیانـدا واتایەکـی تاکـە کەسـییان گەیانـدووە، واتـە ئـەو واتایەیـان گەیانـدووە، کـە شـێرکۆبێکەس مەبەسـتی بـووە لەرێگـەی ئـەو فۆڕمانـەوە بیانگەیەنێـت، بۆیـە ئەکرێـت مەبەسـت و واتاکـەی بگۆڕێـت، ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکییە، کـە رێگـە بـە گەڕانـەوەی واتـا میتافۆڕییـەکان نـادات جارێکـی تـر بچنـەوە نـاو فەرهەنگـی زمـان، بـەڵام ئەبـن بـە بەشـێک لـە فەرهەنگـی شـیعریی شـێرکۆ بێکـەس.

واتـای میتافۆڕیـی پێویسـتی بـە سـەلیقەی بەکارهێنـان هەیـە، چونکـە هەمـوو بـە زاندنێکـی یاسـا زمانییـەکان واتـای میتافۆڕیـی درووسـت ناکـەن، لـە زمانیشـدا دەربڕینـی واتـای میتافۆڕیـی لـە دەربـڕاوە ئاسـاییەکانی تـری زمانەکـە کاریگەریـی زیاتـرە و ئاسـتی بەکارهێنانەکـەی بەرزتـرە لـە زمـانی ئاخاوتنـی ئاسایی، جـا بەکارهێنـانی لـە زمـانی شـیعریی دا و تێکەڵکـردنی لەگـەڵ هەسـت و سـۆز و سـەلیقەی وردی شـاعیردا، ئـەوا زمـانی شـیعریی ئەباتـە ئاسـتێکی بـەرز و بـاڵاوە. وەک ئـەو زمانـەی کـە شـێرکۆ بێکـەس بـە سـەلیقەی ورد و بـە ئاگایـی بەکارهێنانـەوەی فۆڕمـەکانی زمانەکـەوە لـە دەربەنـدی پەپوولـەدا بەکاریهێنـاون.

بەکارهێنـانی واتـای میتافۆڕیـی وردتـرە لـە واتـای ئاسایی فۆڕمـەکانی زمـان، چونکـە بەکارهێنـانی واتـای میتافۆڕیـی لـە بنەڕەتـدا بـۆ نیشـانەکردن/مارکەلێدانی پلەداریـی فۆڕمـە گشـتییە فەرهەنگییـەکان بەکاردێـت، کـە لـە توێژینەوەکـەدا چەندیـن فۆڕمـی پلـەدار خراونەتـەڕوو، شـێرکۆبێکەس بـە بەکارهێنانـەوەی کۆمەڵێـک فـۆڕم و پێـدانی نیشـانەی واتایـی تایبـەت بـە هەسـتی خۆیـەوە، نیشـانە/مارکەی لـە پلەداریـی فۆڕمـەکان داوە. شـاعیر هەوڵیـداوە وشـەکان زۆرتریـن جـار بەکاربهێنێتـەوە و هـەر جارێـک بـۆ گەیانـدنی واتایەکـی نوێـی میتافۆڕیـی، ئەمـەش خواسـتی شـاعیر بـۆ گەیانـدنی پەیامەکـەی ئەخاتـەڕوو.

**The metaphoric perception in language and literature Sherko Bekas›s «Darbandi papula») as an example**

Bizhwen yahya mohammed
.Kurdish Department, College of Basic Education, University of Garmian, Kurdistan Region, Iraq

:Abstract
The research is titled (The metaphoric perception in Language and Literature «Sherko Bekas›s «Darbandi papula» is an example), which is a literary linguistic research. In the research, several rank forms were presented, and Sherko Bekas marked the rank of forms by using a set of forms and giving a meaningful sign of his feelings. It is an attempt to identify and present the process of presenting hidden images of a lexical form, more commonly known as metaphor in linguistics, which mark linguistic metaphors and replace morphological form. According to the semantic theory of composition, these metaphors are expressed as a major sign, so language can be considered a common tool of language science and literature genre, especially the research has focused on the language used in poetry, this way The creation and analysis of metaphors are involved in both .semantic and pragmatic aspects if it is not easy to understand the metaphor

Keywords: Metaphor, Poetic, Sherko Bekas, Deviation, Semantic feature

الرؤية المجازية في اللغة والأدب
( ديوان «دەربەندی پەپوولە» ل شێرکۆ بێکەس أنموذجا)

م . بژوين يحيى محمد - قسم اللغة الكردية – كلية التربية الأساسية – جامعة كرميان – اقليم كوردستان – العراق.

## الملخص :

هذا البحث الموسوم بـ( الرؤية المجازية في اللغة والأدب - ديوان «دەربەندی پەپوولە « ل شێرکۆ بێکەس أنموذجا), بحث في اللغة الأدبية, وهو محاولة لتحديد طريقة إبراز الإيحاءات الخفية للصيغة المعجمية, وبالأخص العمل في الميدان الذي يعرف في اللغة بالمجاز. وقد تناول البحث بشكل دقيق كيفية إنابة الطاقة المجازية عن الصيغة والبنية الصرفية في انتاج المعنى, ووفقا للنظرية الدلالية فإن هذه المجازات تُعد علامات رئيسية للتعبير عن المعنى وانتاجه, لذا يمكن أن تُعد اللغة الوسيلة المشتركة بين علم اللغة والعناصر الأدبية. وقد سلط البحث

الضوء على اللغة المستخدمة في الشعر, ولا شك ان عملية نشوء المجاز وتحليله يشترك فيه المعنى الدلالي والمعنى التداولي (الراغماتي), وبدون ذلك يصعب فهم المجاز.عرض البحث لكلمات عديدة تحمل معاني متدرجة, تفنن شيركو بيكس في الوصول الى المعاني الدقيقة لها وذلك بتحليلها الى مكوناتها الأساسية وإضفاء المعنى الأقرب الى أحاسيسه ومشاعره, وقد حاول الشاعر تكرار استخدام الكلمات نفسها, ولكن مع استخدامها في كل مرة لمعنى مجازي مختلف عن سابقاتها, وهذا يبين لنا توق الشاعر وحرصه على إيصال رسالته.

الكلمات المفاتيح: المجاز, الشعرية, شيركو بيكس, العدول, العلامة الدلالية.

## سەرچاوەکان

بە زمانی کوردیی:

مەحمود, ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر.

کریم, ئازاد عبدالواحید و عمر، مهدی فاتح (٢٠٠٨)، زمانی شیعری لەنێوان ئەزمونی شاعیرو ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەک نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٤).

ئەحمەد، ئارام (٢٠٢٠)، دیاردەیەکی شیعریی لای ئارام سالح، رۆژنامەی هەولێر.

مستەفا, ئاسۆ عمر (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران، چاپی یەکەم، دهۆک.

محمد، بژوێن یحیی (٢٠٢١)، نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردیی دا، سلێمانی.

عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١١)، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد, پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

حەسەن, حەمەسەعید (٢٠١١)، بەهرەی شیعریی و ئەزموونی شاعیر، ڕۆژنامەی گوڵان.

کاکی، حمە نوری عمر ، شەیدا ڕەشید محەمەد (٢٠١٩)، شێوازی شیعری شێرکۆ بێکەس لەئاستی پێکهاتەییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦).

نوری، جەمال (٢٠١٩)، زمان و وێنای شیعریی لە شیعری لیریکدا، گۆڤاری نوێ.

عبدالله, ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردیی، سلێمانی.

عەبدوڵڵا, ڕۆژان نوری (٢٠٢٢ )، میتافۆڕ لە شیعردا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

علی، سروە طاهر (٢٠٢٠)، ڕەهەندی ئیستاتیکی لەدیوانی (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٧).

معین, سازان ڕەزا (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر (لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٣)، بنیاتی وێنەی هونەریی لەشیعری کوردیی دا(١٩٩٧٠ــــ١٩٩١).

ئەحمەد، سافیە محەمەد (٢٠١٣)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیی دا، هەولێر.
حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٧)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیی دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.
بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس/دەربەندی پەپوولە، بەرگی سێیەم، سوید.
دزەیی، عەبولواحید مشیر (٢٠٠٩)، واتاسازیی، چاپی یەکەم ، هەولێر.
دزەیی, عەبدولواحید مشیر (٢٠١٥)، پراگماتیک و ڕەوانبێژیی، چاپی یەکەم، هەولێر.
گەرمیانی، عادل (٢٠١٣)، خەسڵەتکانی زمانی کوردیی هاوچەرخ، گۆڤاری دەنگەکان، ژمارە (٤).
محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین (٢٠١٤)، شیعرییەت لە دەقە نوێکانی شیعری کوردییدا، گۆڤاری هزرو هونەر، ژمارە (١١٢).
مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی واتای دەقدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٣).
کەریم، فەرهاد قادر (٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکای ( حەمدی)دا، چاپی یەکەم، هەولێر.
احمد، مەریوان حمەکریم (٢٠٢٢)، بنیاتی وێنەی هونەریی لەشیعری (سالم)دا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.
بابایی، مەسعود (٢٠٢٠)، زمان لە نێوان ململانێی شیعر و فەلسەفەدا، گۆڤاری وێژمان.
فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.
مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١)، پراگماتیک و شێوازگەریی، چاپی یەکەم، کۆیە.
بە زمانی عەرەبیی:
جاحظ (١٩٩٨)، البيان والتبين، تحقيق وشرح: عبدالسلام محمد هارون، ج١، ط٧، القاهرة، مطبعة المدني.
السكاكى، أبي يعقوب يوسف ابن ابي بكر (١٩٨٧)، مفتاح العلوم، ضبطة و كتب هوامشة وعلقعليه: نعيم زرزور، بيروت، دار الكتب العلمية.
العسكرى، أبي هلال الحسين ( ١٩٥٢) كتاب الصناعتين (الكتابة والشعر)، تحقيق: على محمد البجاوى، محمد ابوالفضل ابراهيم، ط ١، دار اخياء الكتب العربية.
بە زمانی ئینگلیزیی:
.Metaphor, Cambridge ,(٢٠١٣) David Retchie

بە زمانی ڕووسیی:
بە هاوکاریی بەڕێز (د. مەریوان حمەکریم احمد)، پسپۆری ئەدەب، مامۆستا لەزانکۆی گەرمیان. بۆ وەرگێڕانی ئەو وەرگێراوانە
لەم سەرچاوە ڕووسییانە.

Бертельс, Андрей )1935 .(35. ХУДОЖЕСТВЕННЫЙ ОБРАЗ В ИСКУССТВЕ ИРАНА IX-XV веков. (Слово, изображение).. «Восточная литература» РАН. Москва.
36. Хализев, Валентин ( 2004). Теория литературы. учебник. – 5-е изд. испр.

и доп. – Москва. Высш. Шк.
37. Арнольд, Ирина (2002). Стилистика. Современный английский язык: учебник для студентов лингвистических вузов и факультетов иностранных языков. Москва. Издательство «Наука»
38. Потебня, Александр.( 1990). Теоретическая поэтика. Москва. Высшая школа.
39. Чудинов, Анатолий (2001). Россия в метафорическом зеркале. Екатеринбург.Урал. гос. пед. ун-т .
40. Сухих С.И.( 2001). «ТЕХНОЛОГИЧЕСКАЯ» ПОЭТИКА ФОРМАЛЬНОЙ ШКОЛЫ. Нижний Новгород. КиТиздат.
41. Левинтон, Георгий ( 2017). СТАТЬИ О ПОЭЗИИ РУССКОГО АВАНГАРДА. Helsinki. Unigrafi a.